دیمۆکراسی بۆ ئیران    خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

١٥ی بەفرانباری ١٣٨١    ٥ی ژانویەی ٢٠٠٣    ژمارە ٣٥٦    ١٥٠ تمەن


## پیـــرۆزبـــایـی



ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" لە کاتێکدا دەگاتە دەستی خوێنەران کە چەند ڕۆژێك لە دەست پێکردنی ساڵی تازەی زایینی ڕابردوە. بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێشی خوشك‌و برا مەسیحی‌یەکانمان لە کوردستان‌و ئێران دەکەین‌و ساڵێکی خۆشیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

ساڵی زایینی لەمێژە بووە بە ساڵی جیهانی. بۆیە جێگایە خۆیەتی هیواداری دەربڕین کە لە ساڵی نوێدا، جیهان پتر لە وەدیهاتنی ئاوات‌و ئامانجە ئینسانی‌یە پیرۆزەکان نزیك بیتەوەو زیاتر لە رابردوو شاهیدی بەرەوپێشچوون‌و سەقامگیر بوونی ئاشتی، ئازادی‌و دادپەروەری بین.

# وەختی ئەوەیە کە هاونیشتمانان هەڵبژاردن‌و سندووقەکانی هەڵبژاردن بۆ کۆماری ئیسلامی‌و ژمارەیەك گوێ لەمستی ئەو ڕێژیمە بەجێ بێڵن‌و بە بەشدار بوون لە هەڵبژاردن دا جۆرێك مەشرووعییەتی بە درۆ بۆ ئەم نیزامەو سیاسەتە دژی گەلی یەکانی پەیدا نەکەن

## هەلویستمـــان دەربـارەی دەورەی دووەمی هەلبـــژاردنی شووراکـــانی شـــارو دێ

**هاونیشتمانە بەریزەکان!**

**خەلکی تیکۆشەری کوردستان!**

ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە رۆژی ٩ی بەفرانبارەوە حەوتوویەکی بۆ ناونووسینی خوازیارانی ئەندامەتی لە شووراکانی شارو دێدا دیاری کردوەو بە نیازە لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەوری دووەمی هەلبژاردنی شووراکان لە سەرانسەری وڵاتدا بەریوە بەرێ. بۆ ئەوەی هەلویستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەرامبەر بەم دەورەیەی هەلبژاردنی شووراکان دەربېرین، بە پیویست دەزانین قامك لە سەر چەند خالی گرنگ دابنیین:

* حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هەمیشە باوەری بەوە هەبووەو هەیەو دەبێ کە پیویستە لە هەموو جیگایەك‌و هەر کات‌و زەمانیکدا بەریوەبردنی کاروباری خەلك بدریتە دەستی نوینەرانی هەلبژیراوی خۆیان. هەر لە سەر ئەو بناغەیەش حیزب سیستمی شوورایی بۆ بەریوەبردنی کاروباری وڵات بە سیستمیکی گەلی‌و ریگایەك بۆ بەکاربردنی ویست‌و ئیرادەی خەلك دەزانێ. بۆیە هەر کاتیکیش حیزب دەرەتانی بۆ رەخساوە، کۆمەڵانی خەلکی کوردستانی هان داوە کە لە زووترین دەرفەتدا شوورا هەڵ بژیرن‌و چارەسەری گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلی پێ بسپیرن.

* سالی ١٣٧٧ کاتیك پاوانخوازانی حاکم بە سەر وڵاتەکەماندا پاش نیزیك بە بیست ساڵ لە ژیر تەوژمی بیرو رای گشتی‌دا ناچار بوون مل بۆ هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ رابکیشن‌و یەکیك لە گرنگترین ئەسلەکانی قانوونی ئەساسیی دانراوو پەسندکراوی خۆیان جیبەجی بکەن، کۆمەڵانی خەلك لە سەرانسەری ئیراندا بەو هیوایە کە گۆشەیەك لە بەریوەبردنی کاروباری ئیداری‌و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەتوانن بدەنە دەستی نوینەرانی هەلبژیراوی خۆیان، لەو هەلبژاردنەدا بەشدار بوون‌و هەلبژاردنی شووراکانیان کردە مەیدانیك بۆ دەربرینی نارەزایەتی بەرامبەر بە قۆلی باڵا دەستی نیو دەسەڵاتی فەرمانرەوا.

* حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانیش بە ئیلهام وەرگرتن لە ویست‌و داخوازی خەلك‌و لەبەر ئەوە کە دەیزانی دەرەتانیکی هەر چەند بچووکیش بۆ دەرخستنی ئیرادەی خەلك پیك هاتوە، داوای لە خەلکی کوردستان کرد لە هەلبژاردنی شووراکاندا بەشدار بن‌و کەسانی جیگای متمانەی خەلکیشی هاندا خۆیان کاندیدا بکەن‌و مەسئوولییەت وەرگرن بۆ ئەوەی بەشیك لە کاروباری خەلك راستەوخۆ بکەویتە دەستی نوینەرانی خۆیان. بە شانازی‌یەوە دەلیین خەلکی کوردستان بە گەرمی بە پیل بانگەوازی حیزبەوە هاتن‌و چالاکانە لە هەلبژاردندا بەشدار بوون. ئەگەرچی پاوانخوازان بە کەلك وەرگرتن لە دەسەڵاتی بێسنووری خۆیان توانیان سەلاحیەتی زۆر لە کاندیداکانی جیگای پەسندی خەلك رەت بکەنەوە، بەو حالەش لە سەر یەك خەلك لە هەلبژاردندا تەسلیمی نەزەری کاربەدەستان نەبوون‌و لەئاکامدا تەرکیبی شووراکان بە هیچ جۆر دلخوازی پاوانخوازانی نیو دەسەڵات نەبوو. بەتایبەتی لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی خەلکی جۆراوجۆر بە ئەندامی شووراکان دەرچووبوون لەسەریەك خەلك توانیبوویان بەشیك لە ئیرادەی خۆیان بە سەر دەسەڵاتی فەرمانرەوادا بسەپینن.

٢

## چەند کـارەساتی دلتـەزین لە کوردستـانی ئیران لە ئاکامی بارینی بەفـرو سەرمای زۆردا

به دوای ئەو بەفرەی زۆرەی لە سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئیران بە تایبەتی لە ناوچە کویستانی‌و سەر سنوورەکان باری، چەند کارەساتی دلتەزین روویان دا. لە سێ رووداوی جیاجیادا لە ناوچەکانی پیرانشار، سەردەشت‌و مەهاباد، ١٢ مرۆڤی کاسبکارو زەحمەتکیش گیانیان لە دەست داو ژمارەیەکی زیاتریش بریندارو سەرمابردوو بوون کە هەر ئیستا لە نەخۆشخانەکان کەوتوون‌و لەگەڵ مەرگ دەست‌و پەنجە نەرم دەکەن. زۆربەی قوربانی‌یەکانی ئەو سێ رووداوە تالە ئەو زەحمەتکیشانە بوون کە ناچارن لە سەختترین هەلومەرج‌و پر مەترسیترین ریگاو بانەکاندا، بە پشتی ولاغ یا بە کۆلی خۆیان بارو کەلوپەلی قاچاغ لەبەرامبەر پوولیکدا رابگویزن‌و بەم جۆرە بژیوی ماڵ‌و مندالیان پەیدا بکەن. بەڵام بەردەوام لەگەڵ کەمین، تەقە لی کردن‌و راورووتی هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو روون.

ئەمجاریش ترس لە دەسریژو راورووتی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی، بوو بە هۆی ئەوە کۆمەلیك مرۆڤی کاسبکار بە شیوەیەکی دلتەزین گیانیان لەدەست بدەن. (بۆ ئاگاداری لە چۆنیەتیی روودانی ئەو سی کارەساتە، دریژەی ئەم هەوالە لە لاپەری ٢دا بخویننەوە.)



دیمەنیك لە فیلمی "ساتیك بۆ مەستیی ئەسپەکان" لە دەرهینانی بەهمەنی قوبادی کە لەبارەی ژیانی کاروانچی‌و کۆلکیشەکانی کوردستانەوەیە

## لە کرماشـــان لاوەکان بەرەنگـــاری هیزە ئینتیزامی‌یەکان بوونـــەوە

به گویرەی راپۆرتیك کە سایتی "دادنامە" بلاوی کردەوە، رۆژی سێ شەمە ٣ی بەفرانبار هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم دو لاوی کرماشانییان هینا تا لە چوار ریی سی‌میتریی دووهەم لە مەیدانی ناوەندیی شار شەلڵاقیان لی بدەن. مەئموورانی ریژیم بۆ ئەوەی لاوانی دیکەی شار بترسینن ویرای شەلڵاقکاری، زبلیان بەسەر یەکیك لەو دوو لاوەدا هەڵرشت‌و لەنیو شاردا گیرایان. لاوانی ئازای کرماشانی بەرەنگاری بەکریگیراوانی ریژیم بوونەوەو لەگەڵ ئەوان تووشی پیکهەلپرژان‌و تیکهەلچوون بوون. لەو بەرەنگار بوونەوەیەدا، لاوانی‌کرماشانی دژی ریبەرانی کۆماری ئیسلامی‌و لە پیشەوەی هەموویان خامەنەیی دروشمیان دا. تیکهەلچوون زیاتر لە سەعاتیکی خایاند. هیزەکانی ریژیم ناچار بوون هیزی تایبەتی دژ بە راپەرین بیننە مەیدان تا بەرەنگار بوونەوەی خەلك پەرە نەستینێ‌و بتوانن کونترۆلی بکەن.

## بوومەلەرزە بەشی دینەوەری شارستانی هەرسینی هەژاند



رۆژی سێشەمە ٣ی بەفرانبار (٢٤ی دیسامبر) بوومەلەرزەیەك کە توندی‌یەکەی دەگەیشتە ٥/٣ پلەی ریشتیر، ئوستانی کرماشانی لەرزاند. بوومەلەرزەکە سەعات ٨و نیوی شەو بەکاتی ئیران رووی داو نزیکەی ٦٠ گوندی ناوچەی دینەوەری سەر بە ناوچەی سەحنەی هەژاند.

لە ئاکامی ئەو بوومەلەرزەیەدا، نزیکەی ٣ هەزار ماڵ‌و ویران‌و، زیاتر لە ١٥ کەسیش بریندار بوون.

سەعات ٩ی هەر ئەو شەوەو هەروەها سەعات ١و ٤٨ دەقیقەی نیوەشەویش بوومەلەرزە هاتەوەو خەلکی ناوچەکەی ئەوەندەی دیکە نیگەران‌و هەراسان کرد.

پیویستە بگوتری لە دوای هاتنی بوومەلەرزە لە بەشی "دینەوەر"، چەند بوومەلەرزەی دیکە لەماوەی دوو حەوتووی رابردوودا لە رۆژئاوای ئیران هاتوون.

## لەم ژمارەیەدا


راگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی-نیزامیی حیزب ٢

ئیعدامی تیکۆشەرانی دیموکرات دریژەی هەیە ٤

کۆماری ئیسلامی، خەلکی ئیران بە ئالترناتیڤیکی تاقیکراوە دەترسینێ ٤

جیگای قانوونیی گەلی کورد لە قانوونە بنچینەیی‌یەکانی ئیراندا ٥

وتوویژ لەگەڵ کاك سەعید سەیدی ئەندامی شوورای شاری مەریوان ٩

دیاردەی کرین‌و فرۆشتنی ژنان‌و قوربانی‌یەکانی ١٠

سەفەری خاتەمی بۆ پاکستان ١٠


## نائـارامی‌و ئالـۆزی لە ئـەهواز پاش دوو حـەوتوو هەروا دریـژەی هەیـە

"جاسمی شەدیدزادە" نوینەرای ئەهواز لەمەجلیسی شوورای ئیسلامی‌دا، لەکۆبوونەوەی ئاشکرای رۆژی سێشەمە ١٠ی بەفرانباردا رای‌گەیاند: ئەوئالۆزی‌و نائارامی‌یەی دو حەوتوو لەوەپیش لە ئەهواز دەستی پێکرد، هەروا دریژەی هەیە". بە پیی قسەی ئەو نوینەرە، رۆژی یەك شەمە ١ی بەفرانبار دادگوستەریی خوزستان‌و هیزە ئینتیزامی‌یەکان بەمەبەستی کۆ کردنەوەی ئانتینی ماهوارەیی‌و داخستنی ناوەندەکانی فرۆشتنی CD هیرشیان کردە سەر گەرەکە جۆراوجۆرەکانی ئەهواز کە خەلکی هیندیك لە گەرەکە عەرەب نشینەکان لەبەرامبەر مەئموورانی ریژیمدا راوەستان. شەدیدزادە نەیشاردەوە کە لەو ئالۆزی‌و نائارامی‌یەدا، هیندیك لە بانکەکان سووتیندراون‌و ریگای ئەهواز - ئابادان‌و ئەهواز - سووسەنگرد بۆ ماوەی ٢ سەعات لەلایەن خەلکەوە بەستراوە.

بەلام هەوالدەری‌یەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئالۆزی‌و نائارامی‌یەکە لەوە گەورەترە کە کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی دانیان پیدانـاوە. بە پیی هەواڵ رۆژی ١٠ی بەفرانبار سەدان کریکاری کارخانەی لوولە سازیی ئەهواز لە ناوەندی شار خۆپیشاندانیان وەرێ خست‌و لەدژی ریبەرانی ریژیم دروشمیان دا.

٢

# هەڵوێستمان دەربارەی دەوری دووەمی هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ

**درێژەی لاپەڕە١**

* بەو پێیە کەمترین چاوەڕوانیی دەنگدەران لە کوردستانو سەرانسەری ئێران ئەوە بوو کە شووراکانی هەڵبژێراوی خەڵك لانی کەم ئەوەندە دەسەڵاتیان هەبێ ئەو ئەرکانە کە بە پێی قانوونەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دیاری کراوە بەجێ بگەیەننو ئەو سەڵاحییەتانە کە هەر ئەو قانوونانە بۆیان لەبەرچاو گرتوون بەکار بەرن. بەڵام داخوا حاسڵی چوار ساڵ کاری شووراکانی شارو دێ لە سێبەری نیزامی وەلیی فەقیهـ دا چی بووە؟

✧✧✧

ئەوەی لەو ماوەیەدا بە سەر شووراکانو ئەندامەکانیان هاتووە ئەو کارشکێنییانەی تووشی هاتوونو ئەو دەستێوەردانانەی لە کاروبارياندا بووە، زۆر لەوە زیاترو بەر درێژترە کە لێرەدا بکرێ باسی لێ بکەین. هەر ئەوەندە دەڵێین کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بە هەر دوو بەشی پاوانخوازو بەناو ڕیفۆرمخوازیەوە چەندی لە دەستی هات هەوڵی دا شووراکان لە نێوەرۆکی شوورایی بەتاڵ بکاو ئەوەندەی بکرێ لەبەرچاوی خەڵك سووكو بێحورمەتو پیاو خەراپیان بکا.

قۆڵی پاوانخواز کە لەجێدا بە ناچاری ملی بۆ هەڵبژاردنی شووراکان راکێشابوو، بە کەلك وەرگرتن لەو سەلاحییەتانە کە لە دەرەوەی قانوون بۆ خۆی دیاری کردوون، نەك هەر شووراکانی لە نێوەرۆك بەتاڵ کرد، بەڵکوو مەجلیسی شووڕای ئیسلامییشی کە بەپێی قاعیدە یەکێك لە سێ پایەی بنەرەتیی دەسەڵاتە، بە کردەوە لە هەموو سەلاحییەتێك بێبەش کردو بە هەموانی نیشاندا کە لە نیزامی بە ناو "عدل الهی"دا جێگایەك بۆ بە کار بردنی ویستی خەڵكو حوکمی خەڵكو حاکمییەتی خەڵك نیە.

لەو لاشەوە قۆڵی ناسراو بە ریفۆرمخواز کە هیچ کات نەیتوانیوە ئەو کەمە سەڵاحییەتەی قانوونیش بۆی لەبەرچاو گرتوە بە کار بێنێ، نەك هەر دیفاعێکی پێ لە شووراکانی هەڵبژێراوی خەڵك نەکرا، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتیشدا هەوڵیدا بێ توانایی خۆیو کاربەدەستەکانی بە بوونی شووراکان پاساو بداو هەموو کەمو کوڕییەکانی بخاتە ئەستۆی شووراکان کە گۆیا ئەوان کارێك بۆ خەڵك ناکەنو گرێیەك لە کاری ئەوانەی هەڵیان بژاردوون ناکەنەوە.

لەئاکامی ئەم وەزعەدا شووراکان لە کوردستان (و دڵنیاین لە شوێنەکانی دیکەی وڵاتیش هەروایە) کاتێك دوای چوار ساڵ چاو بە دەسکەوتەکانیاندا دەخشێنن، لە پاڵ خۆیاندا هەست بە جۆرێك ڕەنج بەخەساری دەکەن. چونکە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زۆریان دڵسۆز بوونو چییان لە دەست هاتوە تەنەخییان نەکردوە، کەندوکۆسپی "قانوونی"و ناقانوونیی سەر ڕێگایان دەرەتانی هەر جۆرە سەرکەوتنو پێشکەوتنێکی لێ بڕیون.

بەم جۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاناڵی شووراکانیشەوە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی بە دنیا نیشاندا کە لەگەڵ ئازادیو دێموکراسیو ویستی کۆمەڵانی خەڵك بێگانەیەو هەتا کاتێك جڵەوی دەسەڵات لە دەستی کەسانێك دایە کە خۆیان بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانن، شووڕاو مەجلیسی شووڕاو هیچ ئۆرگانێکی هەڵبژێراوی خەڵك ناتوانێ کارساز بێو زوڵمو زۆرو بێعەداڵەتی لە سەر کۆمەڵانی خەڵك کەم بکاتەوە.

✧✧✧

لە حاڵەتێکی وادا بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەختی ئەوە هاتوە کە هەموو کەس لە هەموو جێیەکی ئێران هەموو جۆرە گومانێك لە بارەی باشبوونو گۆڕانی ئەم ڕێژیمەوە لەخۆی دوور بخاتەوە. وەختی ئەوەیە کە هاونیشتمانان هەڵبژاردنو سندووقەکانی هەڵبژاردن بۆ کۆماری ئیسلامیو ژمارەیەك گوێ لە مستی ئەو ڕێژیمە بەجێ بێڵنو بە بەشدار بوون لە هەڵبژاردندا جۆرێك مەشرووعییەتی بە درۆ بۆ ئەم نیزامەو سیاسەتە دژی گەلییەکانی پەیدا نەکەن.

ئاواتی ئێمە ئەوەیە نە لە کوردستان نە لە هیچ شوێنێکی ئێران ئەوانەی ڕێز لە شەخسیەتی خۆیان دەگرنو خەڵك ڕێزیان بۆ دادەنێ، خۆیان بۆ ئەندامەتی لە دەورەی دووەمی بەناو هەڵبژاردنی شووراکاندا کاندیدا نەکەنو نەبنە ئامرازێك بۆ شەرعیەت بەخشین بە دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی.

گومان لەوەدا نیە کە ڕێژیم، هەم کەسانێکی دەست دەکەون کاندیدایان بکاو هەم ژمارەیەك خەڵکیش دەست دەکەوێ کە بچنە سەر سندووقەکانو دەنگ بدەن. بەڵام با کەسانی بە ئیعتیبارو بە شەخسیەت نەکەونە ئەو داوەو ئەو گەپجارە ریسواو بێنێوەرۆکە هەر پیرۆزی دژی گەلییەکانو دەستو پێوەندەکانیان بێ. بە ئاواتی ئەو ڕۆژە کە خەڵکی ئێران بە ئازادی هەڵ دەبژێرنو هەڵ دەبژێرێنو نوێەرانی گەل نوێنگەی ئیرادەی گەل دەبن.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٨ی بەفرانباری ١٣٨١**

---

**ڕاگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی**

## سەبارەت بە ئیعدامی تێکۆشەرێکی دیکەی ڕێگای ئازادی

**خەڵکی بە شەرەفی کوردستان !**
**کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان!**

"حبیب الله تنهائیان" کوڕی عەبدول چل و یەك ساڵە، خاوەنی ژن و ٣ منداڵ خەڵکی ناوچەی سنە کە تا ئێستا چوار جار لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ حیزبی دێموکرات دەسگیر کرابوو و هەموو جارێ دوای ماوەیەك زیندانی و ئەشکەنجە کردن ئازاد دەکرا، ڕۆژی ١٣٨١/٩/٢٠ ( ٢٠٠٢/١٢/١١) بۆ جارێکی دیکە لە لایەن عەوامیلی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دەسگیر دەکرێ و پاش چوار ڕۆژ ئازارو ئەشکەنجە کردن، ڕۆژی ٨١/٩/٢٤ ( ٢٠٠٢/١٢/١٥) هەر بەو تاوانە ئیعدام دەکرێ و دوای چوار ڕۆژ ـ لە ڕێکەوتی ١٣٨١/٩/٢٨ ( ٢٠٠٢/١٢/١٩) ـ تەرمی بێ گیانی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرە کە ئاسەواری ئەشکەنجەی زۆری بە سەرەوە دیاربوو تەحویلی بنەماڵەکەی دەدەنەوە.

ئەم کردەوە جینایەتکارانەیەی ڕێژیم ڕاست لەو سەروبەندەدا بەڕێوە دەچێ کە هەیئەتێکی یەکیەتیی ئورووپا لە سەر پاراستنی مافی مرۆڤ و لەبەر چاو گرتنی مافی کوردەکان، لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە تاران لە حاڵی وتووێژدا بوون.

کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی بێزاری لە سیاسەتی ئازادیکوژیکۆماری ئیسلامی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس و کاری شەهید حبیب الله و هەموو خەڵکی تێکۆشەری سنە و ناوچەکانی دەوروبەری دەکا. ئێمە دڵنیاین کە خوێنی ئەو شەهیدە قارەمانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی بە فیڕۆ ناچێ و ڕێگایان کوێر نابێتەوە، بەڵکوو بە هەزاران لاوی خوێنگەرم و تینووی ئازادیی شاری سنە ئەو ڕێگایە دەگرن و تۆڵەی هەموو ئەو جینایەتانە لە کۆماری ئیسلامی دەکەنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید حبیب الله و هەموو شەهیدانی گەل
مردن و سەرشۆڕی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

**کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی**
**١٣٨١/١٠/٣ ـ ٢٠٠٢/١٢/٢٤**

---

## چەند کارەساتی ئینسانی لە کوردستانی ئیران

### سەردەشت

ڕۆژی چوارشەممە ٣ی بەفرانبار ٩ کەس کۆلبەری کاسبکار لە گوندی گویزی پشت کویستانی ئالواتان کەوتنە ژیر رنووو لە ئاکامدا ٥ کەسیان گیانیان لەدەست دا. ئەم پینج کەسەکە لەم رووداوە دلتەزینەدا گیانیان لە دەست داوە، بریتین لە: ١ـ رزگار رەحمانی خەلکی "میراوێ"ی سەردەشت، ٢ـ ئازاد رەحمانی ٢٣ سالە، خەلکی "میراوێ"ی سەردەشت، ٣ـ برایم کوری ئیسماعیل دۆڵ، خەلکی "ئالواتان"، ٤ـ ئەحمەدی عەولاّ پەستەی خەلکی "ئالواتان"و نەفەری پینجەم خەلکی گوندی گویزێ بووە.

### مەهاباد

بە هۆی بەفرو بارانی زۆری سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵ، ڕۆژی چواری بەفرانبار سێ کەس بە ناوەکانی ١ـ حەسەن کاوە، ٢ـ عەباس مەحموودپوورو ٣ـ بایز مەحموودپوور لە مەعدەنی بەردی کاگەش کەوتنە ژیر رنووی بەفرو گیانیان لەدەست دا.

### پیرانشار

ڕۆژی چواری بەفرانباری ئەمساڵ، دەستەیەك کاروانچی کە لە بازاری سنووری حاجی عومەرانەوە بەرەو شاری پیرانشار دەگەرانەوە، کاتیك زانییان کە هیزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی کەمینیان بۆ ناونەتەوە، بۆ دەربازکردنی خۆیانو بارەکانیان ریگاکەیان گۆڕیو لە ئاکامدا لە نیو بەفرو بۆراندا سەریان لێ شیواو ریگایان ون کرد. بەداخەوە چوار کەس لەو کاسبکارانە کە ژمارەیان پتر لە ٩٠ کەس بوو، ئیستا کەوتوونەتە ژیر رنووو گیانی خۆیان لەدەست داو ٨ کەسیشیان سەرما بردنی کە ئیستا لە نەخۆشخانە کەوتوون.

ناوی قوربانییانی ئەم رووداوە بریتییە لە:

١ـ بایزید ئەبووبەکری کوری رەسووڵ جۆلاّ، ٢ـ سابیر لەنەجادی، ٣ـ رەحمان جیژنی، ٤ـ کەسیکی خەلکی گوندی "چەکۆ".

### شنۆ

لە سەرەتای مانگی بەفرانبار مەلا عەزیز قادرپوور، مامۆستای ئایینی گوندی "سەوجە" بە هۆی وەرگەرانی ماشین لە گوندی "سەوجە"ی شنۆ گیانی لەدەست داو هەر لە ئاکامی ئەو رووداوەدا چەند کەسیکیش بریندار بوون.

❊❊❊

"کوردستان" ویرای دەربرینی داخو کەسەر لەو رووداوە دلتەزینانە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری قوربانییەکان لە شارەکانی، سەردەشت، مەهابادو پیرانشارو شنۆ دەکاو خۆی لە خەمی ئەواندا بە شەریكو بەشدار دەزانێ.

## فشاری ئیدارەی ئیتلاعات بۆ سەر خەڵك

بە پیی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان گەیشتوون، دەستوپیوەندەکانی ریژیم لە ئیدارەی سەرکوتکەری ئیتلاعات لە زۆربەی شارەکانی کودستاندا فشاریان خستۆتە سەر ئەو بنەماڵانەی لە دەوروبەری دامودەزگاکانی ئیتلاعاتیی ریژیم نیشتەجین. بۆ سەرپەرستی هەر بنەماڵەیەك پەروەندەیەکیان ساز کردوە لەسەریان کردوون کە هەر میوانیکیان بۆ بێ، دەبێ ئیدارەی ئیتلاعات ئاگادار بکەنو زوو بەوانیان بناسینو هەر کەسیکیش ئەو بریارە بەریوە نەبا، سزا دەدرێ.

---

**درێژەی لاپەڕە١**

### نائارامیو ئالۆزی لە ئەهواز درێژەی هەیە

ئەو کریکارانە ٧ مانگە هەقدەستیان وەرنەگرتوە. مەئموورانی ریژیم بە گازی فرمیسك هینەر بلاّوەیان بە کریکارەکان کردو ٣٠ کەسیان لی گرتن. هاوکات لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانو بەربەرەکانییانە، لە زیندانی "کارون"ی ئەهوازیش لە نیوان زیندانییەکانو مەئموورانی ریژیم تیکهەلچوون رووی دا. نزیکەی ٣٠٠ زیندانی بە مەبەستی پیشگیری لە بردنی نەفەریکی مەحکووم بە مەرگ بۆ مەیدانی ئیعدام تەختو پەتووەکانی زیندانیان ئاگر تێبەردا. بەرپرسانی ریژیم بۆ سەرکوتی راپەرینی زیندانییەکان داوای هیزی یارمەتیدەریان کرد، ئەوان سەرئەنجام توانیان خۆراگریو راپەرینی زیندانییەکان تیك بشکیننو هەروەها لە ئاکامی تەقەی هیزە ئینتیزامییەکاندا دوو هاونیشتمانی عەرەب خەلکی گوندی "خسرج" کە لە نیوان ئەهوازو شووشی دانیال هەڵکەوتوە، کوژران. خەلکی ئەو گوندە بەدوای ئەو رووداوەدا هیرشیان کردە سەر پاسگای ئەو هیزانە لە "عبدالخان"، تیکهەلچوون چەند سەعات دریژەی کیشا. هیزە ئینتیزامییەکان بۆ پاشەکشە کردن بە خەلك ناچار بوون داوای هیزی یارمەتیدەر بکەن.

نوینەری خەلکی ئەهواز لە قسەکانی لە مەجلیسدا نەیشاردەوە کە بەربەرەکانیو خۆپیشاندانی گەرەکە عەرەب نشینەکان دەگەریتەوە بۆ ئەو ستەمە نەتەوایەتییانەی لە سەریان کەلەکە بووە. ناوبراو داواکاری بەریوەچوونی ئەسلە پشت گوێ خراوەکانی قانوونی ئەساسی لە بارەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئیرانو یەك لەوان عەرەبەکان بوو کە ئەم قسانەی لەگەڵ پیشوازیی نوینەرانی کوردو ئازەربایجانیی مەجلیس بەرەوروو بوو.

**سایتەکانی "ایران امروز"و** B.B.C

---

# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## نۆروێژ

### بەڕێوەچوونی دوو کۆبوونەوەی تەشکیلاتی

ڕۆژەکانی ٢٠و ٢١/١٢/ ٢٠٠٢ی زایینی، بەشی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژ، بە ئامادەبوونی هاوڕێ سالّح وەلیزادە بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە، دوو کۆبوونەوەی جیاجیای تەشکیلاتی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی هاوڕێیانی حیزبی لە دوو شاری "پۆشکرۆن"و "کریستان سیاند"ی ئەو وڵاتە بەڕێوە برد.

هاوڕێ سالّح وەلیزادە لە هەر دوو کۆبوونەوەکەدا لەسەر هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و توندتربوونی سیاسەتی سەرکوت‌و زەبرو زەنگ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ بەشداران دوا. کاك سالّح وەلیزادە لە بەشێکی‌تری قسەکانی‌دا ئەرك‌و بەرپرسایەتیی هاوڕێیانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات دەستنیشان کردو لە سەر ڕێکوپێکتربوونی کاروباری تەشکیلاتی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزب لەم شارانەدا دوا.

## سوئێد

### ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤/١٢/٢٠٠٢ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد بە هاوکاریی یەکیەتیی لاوان‌و ژنانی دێموکرات لە سوئێد ڕێورەسمێکی بەشکۆیان بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان) بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری "لینشوپینگ"ی ئەو وڵاتە بەڕێوە برد.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب‌و گەل دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ ئیبراهیم خزری پەیامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سوئێدی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. بەدوای ئەودا پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و ئەو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌و کەلتوورییانە خوێندرانەوە:

١ـ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، ٢ـ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ٣ـ حیزبی شیوعیی کوردستان، ٤ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران ـ کۆمەڵە، ٥ـ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، ٦ـ ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران، ٧ـ کۆمەڵەی کەلتووری کوردی، ٨ـ کۆمەڵەی کەم‌ئەندامان ٩ـ لاوانی مەم‌و زین.

بەرنامەکە بە ڕەشبەڵەك‌و هەڵپەڕکێی لاوانی دێموکرات‌و خوێندنەوەی کۆمەڵێك شێعرو پێشکەش کردنی سروودو گۆرانیی جۆراوجۆر درێژەی کێشا کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادەبووان بەرەوروو بوو.



## کۆچی دوایی هاوڕێیەکی پێشمەرگە

شەوی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨١ی هەتاوی بە داخەوە هاوڕێ حاجی عیسا خدری، پێشمەرگەی بەرابردووی حیزبەکەمان پاش چەند ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد. حاجی عیسا خدری خەڵکی ئاوایی ئەشخەڵ‌و نیشتەجێی گوندی "نەڵۆسە"ی ناوچەی ڕەبەت بوو. ناوبراو لە ساڵی ١٣٥٨ەوە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتی کردوەو دەوری شۆڕشگێرانەو شیاوی خۆی بینیوە. "کوردستان" بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی عیساوە سەرەخۆشی لە خزم‌و کەس‌و بنەماڵەی خوالێخۆش بووو هاوسەنگەرانی دەکاو خۆی لە غەمی لەدەست چوونی‌دا بە شەریك‌و بەشدار دەزانێ.

# پاشگەزبوونەوەی عەباسی عەبدی لە ڕوانگەکانی خۆی!

هەژیر

دوای ئەوەی کە ناوەندە ڕاپرسی‌یەکان ڕایانگەیاند کە تەنیا ٦٪ لە خەڵك پشتیوانی لەخامنەیی‌و ڕێژیمەکەی دەکەن‌و ٩٤٪ ی خەڵك خوازیاری بەدیهاتنی ئالوگۆڕی بنەڕەتی‌و ڕادیکالّن، ناوەندە داپلۆسێنەرو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نە تەنیا ئەوناوەندانەیان پلۆمپ کرد، بەڵکوو کارگێڕانی سەرەکیی ئەو ناوەندە ڕاپرسیانەیان ڕاپێچی بەندیخانە ڕەش‌و ترسناکەکانی سەدەکانی نێوەڕاست کرد. عەباسی عەبدی، ڕۆژنامەنوس‌و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی‌دامزراوی"ئایەندە"یەکێك لەو دەستبەسەرکراوانە بوو.

عەبدی کە بەتاوانی ڕاپرسین زیندانی کرابوو، دوای ماوەیەك‌و لەژێر فشاری دەرونی‌و سووکایەتی پێ‌کردن دا لە ڕۆژی چواری بەفرانباری ئەم ساڵ دا بە شێوەی ئاشکرا لە دادگادا ئامادە بووو بەخوێندنەوەی نامەیەك لە ژێر ناوی"دەقی بەرگرینامە" دا نەتەنیا لە شێوەو چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لێپرس‌و بەرپرسانی زیندان ڕەزامەندی دەربڕی‌و ڕای‌گەیاند کە ڕاپرسی‌یەکان بە داوای ناوەندە بیانی‌یەکان ئەنجام دراون، بەڵکوو لە کاتێك دا کە پارێزەرەکەی لە نێوەرۆکی بەرگرینامەکەی ئەو بێ‌ئاگا بوو، هەڵوێستەیەکی لە سەر بابەتەکانی"حاکمییەتی دیفاکتۆ"، چونەدەرەوە لە دەسەڵات"و"ڕێفراندۆم" کرد.

ناوبراو سەبارەت بەڕاپرسی‌یەکان گوتی: دانی پێدادەنێم کە وەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ڕۆڵم هەبووە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی‌دا لەسەر داوای ناوەندە بیانی‌یەکان. ئەو هەروەها گوتی: کەواتە ئەگەر بسەلمێنرێ کە لەم ڕاپرسی‌یەدا زیان لە کۆمەڵگا دراوە، بەش بەحاڵی خۆم بەرپرسایەتیی ئەو کارە وەئەستۆ دەگرم‌و هەوڵ دەدەم کە هەڵەکان قەرەبوو بکەمەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و فەرمانڕەوا سەرەڕۆکەی چەندین ساڵە بۆ ڕەواییدان بە دەسەڵاتی خۆی پەنا دەباتە بەر فڕوفێڵ‌و درۆودەلەسەی جۆراوجۆرو لەم بوارەدا هەوڵ دەدا کە یاسای بێ نێوەرۆك داتاشێ‌و هەرکات کە پێویستی بێ، تەفسیرو شرۆڤەی سەیرو سەمەرە لە قانونی ئەساسی بکاو بۆ خۆراکی پڕوپاگەندەی نێوخۆو دەرەوە ئاماژە بە هەڵبژاردنی ١٢ی خاکەلێوەی١٣٥٨ دەکاو وادەنوێنێ کە زۆربەی خەڵك لایەنگری‌و پشتیوانی لە ڕێژیمەکەی دەکەن.

فەرمانڕەوایانی سەرەڕۆ هەر لە ساتەوەختی بە دەسەڵات گەیشتنیان دا، هیچ کات ڕێگا نادەن کە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیك بەڕێوە بچێ‌و ئەو کەس‌و لایەنانەی کە بە پێچەوانەی بیرو ڕوانگەکانی ئەوان هەڵوێستیان گرتوە"ڕوخێنەر"،"تابووری‌پێنجەم" ،"دەستوپێوەندی زایۆنیزم" لە قەڵەم دراون‌و ڕەخنەگران‌و جیابیران بە تۆمەتە بێ‌نێوەرۆکەکان بە ئیعدام‌و زیندانی کرانی درێژماوە مەحکوم کراون‌و بەزەبری ئەشکەنجەی دڕندانەو سووکایەتی پێ‌کردن‌و فشاری دەرونی، هەندێك لەوانیان ناچار کردوە چاو لە ڕاستی‌یەکان بپۆشن‌و تەنانەت ڕاستی‌یەکان بشێوێنن.

هەروەها بەمجۆرە ڕێگا بۆ کرانەوەی پەروەندە دەستکردەکانی ڕابردووش خۆش دەکەن. دەتوانین عەباسی عەبدیش بخەینە ئەم چوارچێوەیەوە. ناوبراو جگە لە تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ دامەزراوە بیانی‌یەکان، تۆمەت گەلێکی وەك"گفتگۆ لە تەك بارمتە ئامریکایی‌یەکان"، بەشداری لە کۆنفرانسی قیبرس، پێکهێنانی بارودۆخ بۆ زیان گەیاندن بە ئاسایشی گشتی‌و خستنە ڕووی ڕوانگەگەلێکی وەك دەرباز بوون لە دەسەڵات‌و دەسەڵاتدارێتی دیفاکتۆو ریفراندۆمیش خراوەتە پاڵی.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بەتایبەت بۆ زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان جگە لە ئەشکەنجەی ڕوحی‌و جەستەیی، زیندانی‌یەکان لە زیندانە تاکەکەسی‌یەکان دا ڕادەگرن، بەو مەبەستەی کە دەستیان بە سەرچاوە حقووقی‌یەکان ڕانەگاو حەقی هەڵبژاردنی پارێزەریان لێ‌زەوت بکرێ تا لەئاکام دا لە بەرابەر ویست‌و داخوازەکانی ڕێژیم دا چۆك دابدەن. عەباسی عەبدی کە لە مەسەلە حوقوقی‌یەکان بەهۆی دەست ڕانەگەیشتنی بە سەرچاوە پێویستە حوقوقی‌یەکان، کۆی ئەو تۆمەتانەی کە هەر کامێکیان پێویستی بە تاوتوێ‌و شرۆڤەی زۆر هەبوو، بە بێ سەرنجدان بە نێوەرۆکی"کیفرخواست"، بەکورتی‌و بە خویندنەوەی نامەیەك کۆتایی پێهێناو تەنانەت یەك ڕۆژ دوای بەڕێوەچونی دادگاش، پارێزەرەکەی لە نێوەرۆکی بەرگرینامەکە ئاگادار نەبوو.

یەکێکی‌تر لەو هۆکارانەی کە ئەم چەشنە زیندانی‌یە سیاسییانەی خستۆتە هەلومەرجێکی تایبەتەوە، نەبونی پشتیوانیی ئەوتۆ لە لایەن ئۆرگانە بەرزەکانەوەیە. لە درێژەی ئەو ماوەیەدا کە ریفۆرمخوازان دەزگای ڕاپەڕاندن‌و یاسادانانیان خستۆتە کۆنترۆڵی خۆیانەوە، هەرکاتێ کەس یان کەسانێکی سەر بەوان لە لایەن کۆنەپارێزەکانەوە زیندانی یان سووکایەتی پێکراوە، ئەوان نەتەنیا هەڵوێستێکی شیاویان نەگرتوە، بەڵکوو زۆرجار بەبێدەنگیی خۆیان بەستێن‌و زەمینەی سەرکوتی زۆرتریان ڕەخساندوەو لە کردەوەدا لە بەرامبەر بەناو دادگاکانی قۆڵی پاوانخواز دا پاشەکشەیان کردوەو چاویان بڕیوەتە قەزاو قەدەر.

یەکەمین دانیشتنی دادگایی کردنی عەباسی عەبدی، جارێکی دیکە پەردەی لەسەر ئەم ڕاستییە هەڵماڵی کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی لە ڕۆڵەکانی خۆیشی خۆش نابێ‌و لەم ڕێگایەدا لە هیچ فرتو فێڵێك ناپرینگێتەوە ڕەنگە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبێ کە وەرچەرخان‌و پاشگەز بوونەوەی عەباسی عەبدی تاوتوێ بکرێ‌و داهاتوو لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەم مەسەلەیە باشتر ڕوون دەکاتەوە.

# موحافیزەکاران لە هەوڵی سەرکوتی زیاتردان

م. زانکۆ

بە دوای زنجیرە ڕووداوەکانی ئەم دوایانە لە ئێران‌دا بەتایبەت هێنانە گۆڕی مەسەلەی ڕێفراندۆم، ڕاپرسی هێندێك لە ناوەندەکانی ڕاپرسینی، هێنانە گۆڕێ چەند گەلاڵە لە لایەن سەرکۆمارەوەو لە هەمووی گرنگتر شەپۆلێکی دیکە لە نارەزایەتی دەربڕینی خوێندکاران، هەر ڕۆژە پروپاگەندە گەلێکی وەك بەرنامەی موحافیزەکاران بۆ لابردنی خاتەمی‌و وەدەرنانی ڕێفۆرمخوازان لە مەیدان پێش لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیس‌و یا دامەزرانی "شوورای پیشتیوانی لە شۆڕش" لە لایەن پاوانخوازانەوە زیاتر بەرگوێ دەکەون. قۆڵی موحافیزەکار بە دارشتنی کۆمەڵێك بەرنامەو پلان وەك هەڵسوکەوتی ئەم دوایانەیان دژ بە ناوەندەکانی ڕاپرسین‌و قولبەست کردنی سەرەڕۆیانەو بەڕێوەبردنی دادگا گەلی فەرمایشی، داخستنی ڕۆژنامە ئازادیخوازو بە بەکرێگیراو ناوبرانی جیابیران لە هەوڵی بەرگری کردن لە هەلوەشانەوەی ڕێژیمەکەیان دان‌و بەو شێوەیە دەیانەوێ خۆیان وەك تاکە مەیدانداری دەسەڵات بمێننەوە. لەو پێوەندی‌یەدا مەسعوود دێهنەمەکی سەرنووسەری حەوتوونامەی "دو کوهە" لە وتووێژێك‌دا لەگەڵ هەواڵنێری سیاسیی "ایسنا" پێکهێنانی شۆڕشێکی دەروونی بە تاکە ڕێگای ڕزگار کردنی خۆی‌و هاوبیرانی ناو دەباو دەڵێ: "کار لە ڕێفۆرم ترازاوەو دەبێ شۆڕش بکرێ". ناوبراو هەروەها گوتی کە: "لەم شۆڕشە نوێ‌یەدا ئەو کەسانەی بە هەر پێشینەیەك لە قۆڵە جۆراوجۆرەکان‌دا خەیانەتیان بە شۆڕش کردوە وەلابنرێن‌و دادگایی بکرێن‌و ئەو کەسانەش کە خەیانەتیان نەکردوەو بەڵام لە شۆڕش ماندوو بوون خانە نشین بکرێن‌و شۆڕش بدرێتە دەستی نەسڵی تازە پێگەیشتووی شۆڕشگێر" (سایت ایران امروز).

لەم پێوەندی‌یەدا سایتی "رویداد" لە ڕاپۆرتێك‌دا باسی لە دارشتنی سناریۆیەکی نوێ لە ژێر ناوی "شوورای پشتیوانی لە شۆڕش" لە لایەن قوڵی موحافیزەکارەوە کرد. محەممەد ڕەزا خاتەمی سەرۆکی "جبهە مشارکت ایران اسلامی"یش لە کۆنگرەی حیزبەکەی‌دا (١٣ی دیسامبر) قوڵی موحافیزەکاری بە پێکهێنانی هەلومەرجێکی تایبەت بۆ وەدەرنانی ڕێفۆرمخوازان تا پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس تاوانبار کرد. ڕۆژنامەی "فاینەشنال تایمزیش" لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵ‌دا باسی لە هەوڵی موحافیزەکاران بۆ وەدەرنانی خاتەمی لە سەحنەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی‌دا کردوە.

دەنگۆی دامەزرانی شوورای شۆڕش کە لە لایەن هێندێك لە کۆڕو کۆمەڵی ڕێفۆرمخوازیشەوە هاتۆتە بەر باس، ئەو کاتە سەری هەڵدا کە بزووتنەوەی ئەم دوایانەی خوێندکاری وەك بزووتنەوەیەکی ڕوو لە گەشەو گشتگیر بە سازماندانی ئامانج‌و بەرنامەکانی خۆی وەك یەکێك لە ئەکتیڤترین بزووتنەوە ئالوگۆڕخوازو دژە سەرەڕۆیی‌یەکان هاتۆتە مەیدان. وا دێتە بەرچاو کە دروشمی ئارمانجخوازانەی بزووتنەوەی ئەم دوایانەی خوێندکاری بەزاندنی هێڵی سووری حاکمییەت‌و بەتایبەت بردنە ژێر پرسیاری پاوانخوازانی هێرمی دەسەڵات‌و هەروەها شێلگیر بوونی خوێندکاران بۆ درێژەدان بە نارەزایەتی دەربڕینەکانیان، بەرپرسانی پلەیەکی ڕێژیمی ترساندو هەر بۆیە ئەوان بەهێنانە مەیدانی گۆپاڵ بەدەستانی حیزبوڵڵاو هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خوێندکاران، لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بۆ دامەزراندنی شوورای پشتیوانی لە شۆڕش دەدەن تا بەم شێوەیە لە ئاکامی سەرهەڵدانی بە وتەی خۆیان بوومە لەرزەی سیاسی بە ڕاگەیاندنی بارودۆخی نائاسایی‌و تەنانەت بێ‌ئەم کارەش لە لایەك ڕکەبەرانی خۆیان لە مەیدان بەدەر بکەن‌و لە لایەکی دیکەشەوە بە پێکهێنانی فەزای ترس‌و دڵەڕاوکێ بوار بۆ نەهادینە کردنی هەرچی زیاتری سەرەڕۆیی‌و سەرکوتی هەرچی زیاترو بێ‌بەزەیی‌یانەتری ئازادیخوازان پێك بێنن.

ئەم ڕێژیمە لە حاڵی ئێستادا لەگەڵ شەپۆلی ڕوو لە پێشی نارەزایەتی‌و قەیران لە کۆمەڵگادا بەرەوڕوویەو بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنیان جگە لە پەنا بردن بۆ زەبرو زەنگ‌و پیلانگێری‌و پەردە پۆش کردنیان لە بەردەستدا نیەو خەڵکی‌و بەتایبەتی خوێندکاران بە بەرزکردنەوەی دروشمی "تۆپ، تانك، بەسیجی ئیدی شوێنەواری نەماوە" پێشانیان داوە کەچی دی لە سەرکوت ترسێکیان نیەو ئامادەی فیداکاری‌و قوربانیدان لە پێناوی گوڕانی ریشەیی لە دەسەڵات دان.

بەگشتی هەوڵدان بۆ دامەزرانی شوورای پشتیوانی لە شۆڕش، دامەزراندنی ئۆرگانی ئیتلاعاتی لە هێندێك لە دامودەزگاکانی ڕێژیم‌و سەر لە نوێ بایەخدانەوە بە بەسیج‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکە، هەموویان پێشاندەری ئەو هەوڵانەن کە قوڵی موحافیزەکار لەم دوایانەدا لە خۆی نیشانی داوە تا بە بەڕێوەبردنی شێوە گەلی سەرکوتکەرانەی توندتر دژ بە ئازادیخوازان‌و تەنانەت دژ بە هێندێك لە مۆرەکانی قۆڵی ڕیفۆرمخوازی نێوخۆی دەسەڵات چەند ساتێکی دیکە درێژە بە تەمەنی دیکتاتۆرانەی خۆی بدا.

# ئیعدامکرانی تیکۆشەرانی دیموکرات دریژەی هەیە

وریا حسینی

سالی ۲۰۰۲ بۆ خەلکی کوردستان دریژکراوەی هەمان مەینەتییەکانی پیشوو بوو کە بەشیکی بەرچاویان بە هۆی سیستمی حکوومەتی زاڵ بەم خەلکەدا رەوا بینراوە. لەهەمووی بەرچاوتر سالی گوشار خستنە سەر زیندانیانی سیاسی، ئیعدامو راوەدوونانی ئازادیخوازان، خویندکارانو رووناکبیرانی کورد بوو. ئیعدام کردنی تیکۆشەرانی زیندانی کراوی دیموکرات تا دوارۆژەکانی ساڵ دریژەی هەبوو. حبیباللە تەنهائیان رۆژی ۲۰۰۲/۱۲/۱۵ جەنازەکەی تەحویلی بنەمالەکەی دەدریتەوە. ۷ی ئوکتۆبر، ٦ی ئوکتۆبرو ١٤ی ئوکتۆبری هەمان ساڵ هەمزە قادری، سالح گودەرزیو خالید شەوقی بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دیموکرات لە زیندانەکاندا ئیعدام دەکرین. مەنسوور مەعرووفی تیکۆشەری حیزبی دیموکرات رۆژی ۱۳۸۱/۸/۱۵ لە جەرگەی شاری بۆکاندا دەدریتە بەردەستریژی دەزگای ئیتلاعاتو شەهید دەکرێ. هەر لەماوەی ئەم یەك سالەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلکی شارو ناوچە سنووریەکانیش بە دەست بەکریگیراوانی ریژیم شەهید کران. کۆی ئەمانەو زۆر جینایەتی دیکەی ریژیم لە کوردستاندا شیاوی ورد بوونەوەن کە لیردا لە چەند لایەنەوە ئاماژەیان پێدەکرێ.

(۱)

ئەو ئیعدامانەی کە لەم ماوەیەدا بەریوەچوون پیش هەموو شتیك ئیمە بەرەورووی بوونی فەلسەفەی وجوودیی ریژیمو عەقلییەتیك دەکاتەوە کە رەوایی دەدا بەم ئیعدامانەو کاری لەسەر دەکا. پاش دوو دەیە لە حاکمییەتی ئەم ریژیمەو بە سەرنجدان بە کردەوەکانی ئیدی بۆ هەموو عەقلیکی سالم روون بۆتەوە کە فەلسەفەی ریژیم لە سەر سرینەوەو لە گۆرنانی جیاوازییەکانو هەرچەشنە دەنگیکی خاریج لەم فەلسەفەیە دامەزراوەو تەنانەت "قانوونمەند" کراوە. قانوونی ئەساسیی ریژیم لە سەر ئەم فەلسەفەیە دامەزراوە کە لیوانلیوە لە ناعەدالەتیو بە هیندنەگرتنی جیاوازییە میللی، فەرهەنگیو مەزهەبییەکان. جیا لەو فەلسەفەیەش، خومەینی دامەزرینەری ریژیم لە چەند قۆناغدا بۆخۆی حوکمی ئیعدامی موخالیفینی خۆی دەرکردوە. کە لیرەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە کوشتاری بە کۆمەلی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی سالی ۱۳٦۷دا. بەو حالەش خومەینی لە فەرمانیکدا بۆ ئیعدامکردنی زیندانیانی سیاسی دەنووسێ: "ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی ولاتدا لە سەر دژایەتی خۆیان پێدادەگرن کافرنو دەبێ ئیعدام بکرین". (۱) لە راستیدا ئەم فەلسەفەیە بە ترسناکترین فەلسەفەی ئەم سەردەمە دەژمیردرێ کە دریژکراوەی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراستەو خاتەمیش دووساڵ لەمەوپیش راشکاوانە رایگەیاند کە هەر چەشنە هەولیك بۆ گۆرینی قانوونی ئەساسی خەیانەت بە حیساب دێ. بێئاگا لەوەی کە پاراستنی ئەم قانوونەو پیادەکردنی لە کۆمەلگای ئیراندا بەواتای پیشیل کردنی کەرامەتی هەر ئیرانییەکەو رەوایی دانیکی یاسامەندانەیە بە کوشتارو ئیعدامی رۆلەکانی ئەم گەلە.

(۲)

لایەکی دیکە هەلویستی ولاتانی جیهانو هیندیك کۆرو کۆمەلی مرۆڤدۆستانەی بیانیو هیندیك کەسو جەرەیاناتی نیوخۆی ولات بەرامبەر بە ئیعدامی تیکۆشەرانی کوردە. بە راشکاوی دەبێ بلیین کە ئیعدامی ئەو دوایانەی تیکۆشەرانی کورد بەو جۆرە کە پیویست بوو لەگەڵ نارەزایەتی دەربرینی ولاتانی دەرەوەو بەتایبەتی یەکیەتیی ئورووپا بەرەوروو نەبوو. دیارە تیگەیشتنی ئورووپاییەکان بۆ سالی ۲۰۰۲ی ئیران لە بنەرەتدا هەلە بوو. دەرهینانی ئیران لە لیستەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ریژیمیك کە بەردەوام دەبێ لە ژیرچاوەدیریو لیپرسینەوەدا بێ، یەکیك لە گرینگترین هەلەکان بوو. بەو حالەش ولاتانی ئورووپایی بێسەرنجدان بە رادەی چوونەسەری ئیعدامەکان لە ئیراندا هەولیان دا لە پیناوی پاراستنی قازانجو بازرگانیی خۆیان لە ئیراندا تەسویریکی ئەورۆیی لەو ریژیمە پیشان بدەن. دیارە بە روونی دەرکەوتووە ولاتانی ئورووپایی پیش ئەوەی غەمی پیشیل کردنی مافی مرۆڤیان لە ئیراندا بێ، غەمی لەدەست دانی بازاری ئیرانیان لەبەرچاوە. بەگشتی هەولدان بۆ دەرهینانی ئیران لە لیستەی ولاتانیك کە دەبێ لە ژیر چاوەدیریی کومیسیۆنی مافی مرۆڤ دا بن بەرهەمی ساتو سەودای ژمارەیەك لە دەولەتان لەگەڵ ئیران دایە، نەك باش بوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئیرانداو خۆپاراستنی ریژیم لە کردەوەی تیرۆریستی. چونکە هەر لەو ماوەیەدا جگە لە ئیعدام کردنی تیکۆشەرانی کورد بە دەیان کەس لە کاسبکارانی کورد لە ژیر ناوی "قاچاخچی"، لەسەر سنوورەکان تیرباران کرانو بەو حالەش لەسەر ئاستی سەراسەریشدا قۆلبەست کردنی رۆژنامەنووسان، هیرش بۆ سەر خویندکارانو . . . دریژەی هەیە.

دیارە ئەگەر لیرەدا ئەو رەخنەیە رووبەرووی ولاتانی جیهانو بەشیك لە کۆرو کۆمەلەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ دەکرێ لە ئاست بێدەنگییان بە نیسبەت ئیعدامی تیکۆشەرانی کورد، خراپ نیە لیرەدا باس لە بێهەلویستیو بێدەنگ بوونی لایەنگرانی جامعەی مەدەنیو ئەو ریفورمخوازانە بکرێ کە پتر لە ٥ سالە خەریکی کایەکردن بە چەمکگەلی وەك جامعەی مەدەنیو دیموکراسیو . . هتدنو خۆیان بە بەرەی گەل لە قەلەم دەدەن، بەڵام لە بەرامبەر هیرش بۆ سەر خەلكو ئیعدامی خەباتکارانی کورد بێدەنگییان هەلبژاردوە. لە راستیدا بێدەنگی کردن بەرامبەر بە ئیعدامی زیندانیانی دیموکرات لە ژیر هەر ناوو بروبیانوویەك پاساو بدرێ راست بە واتای بە هیندنەگرتنی داخوازەکانی کوردە کە ئەو تیکۆشەرانە لە پیناویدا ئیعدام دەکرین. دەبێ تێبگەین کە ئیعدامو تیرۆر کردنی هەر تیکۆشەریکی کورد، تەنیا فەنا بوونی جەستەیی ئەو تیکۆشەرانە نیە بەلکوو بە واتایەکی دیکە هەولدانە بۆ سرینەوەی ئالای خەباتو کپ کردنی دەنگی دلیری ئەو شۆرشگیرانەیە کە پتر لە نیو سەدەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانی هەر کوردستانییەك خەبات دەکەن. بۆ وینە "نوینەرانی کورد" لە مەجلیس کە لە مەحکووم کردنی سیاسەتەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین، تورکیە لە کوردستانی ئەم ولاتە، ئەمریکا لە ئەفغانستان غافڵ نەبوون، دەبێ ئەو راستییەشیان لەبەرچاو بێ کە ئەوان دەرکەوتەی کۆمەلگایەکن کە هەر رۆژە داخوازەکانی خەلکی تییدا پیشیل دەکرێو تیکۆشەرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستانی تیدا لەنیو دەبردرین. بۆیە غافڵ بوون لەو مەسەلە گرینگە، غافڵ بوونە لە مافو داخوازەکانی خەلك.

(۳)

بیگومان ئیعدامی تیکۆشەرانی کورد نە یەکەم هەولی ریژیم بووەو نە دوایین هەولیشی دەبێ بۆ زەربەلیدان لە بزووتنەوەی روو لە پیشی کوردستان. لە پاڵ ئەوەشدا ئەو ئیعدامکردنانە ئیعترافیکی راشکاوانەتری ریژیمە بە رەوتی روو لە پیشی بزووتنەوەی گشتگیری نەتەوایەتی لە کوردستاندا کە پتر لە دوو دەیەیە لە دژی کۆماری ئیسلامی لەگۆریدایە کە زۆرجار لەلایەن ریژیمو بەکریگیراوانییەوە حاشای لیدەکرێ. بەو حالەش ئەم شەپۆلە نوییەی ئیعدامکردنی دیموکراتەکان بە پیچەوانەی تروحاتەکانی چەند مانگ لەمەوپیشی یەحیا رەحیم سەفەوی جینایەتکار، نیشانەی خۆشەویستیو لەمەیداندا بوونی حیزبی دیموکرات دەگەیەنێ. حیزبیك کە بەشیك لە ئەندامانی خۆراگرانە لە زیندانەکانی ریژیم دان کە ئەمەش نیشانەی شیلگیر بوونی ئەم حیزبە لە رەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی ئیرانو کوردستاندا دەگەیەنێ.

هەر چەند نابێ لەبیرمان بچێ کە ئیعدامکردنی تیکۆشەرانی دیموکرات لە حالیکدا دەست پێدەکاتەوە کە نارەزایەتی دەربرینی جەماوەری شارەکانی کوردستان هەر رۆژە لە شوینیك خۆی دەنوینێ کە نموونەی ئەم دوایانەش ئیعترازی بەربلاوی خەلکی وەزالە هاتووی شارەکانی، پیرانشار، مەهابادو کرماشان بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ریژیم لە کوردستان بوو. خویندکارانی کورد هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی خویندکاران رۆلی بەرچاو دەبیننو ئەو رۆش لە ئاستی جیهاندا دەنگی کورد بە گشتی بیسەری زیاتر بوون. هەر بۆیە ئیعدامکردنی تیکۆشەرانی کورد لە زینداندا کە بە مەبەستی چاوترسین کردنی خەلکی وەزالەهاتووی کوردستان بەریوە دەچێ پتر لەوەی توانیبیتی خەباتی جەماوەری بە چۆکدا بینێ ریژیمی لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر رووبەروو کردوە.

جاریکی دیکە ویرای مەحکوومکردنی ئیعدامی تیکۆشەرانی دیموکرات ئەو بەلینییە نوێ دەکەینەوە کە هەروا ئالاهەلگری داخوازەکانی خەلکی کوردستانو وەدیهینەری ئاواتی ئەو شەهیدە سەربەرزانە بین.

**(۱) بروانە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٣٤٨ کە دەقی نامەکەی خومەینی سەبارەت بە ئیعدامکردنی زیندانیانی سیاسی تییدا بلاوکراوەتەوە.**

# کۆماری ئیسلامی، خەلکی ئیران بە ئالترناتیڤیکی تاقی کراوە دەترسینێ

ع. رەهنموون

ئەگەر چاویك بە میژووو رابردووی حکوومەتە سەرەرۆو دیکتاتۆرەکاندا بخشینین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان بۆ خاوکردنەوەو دواخستنی رەوتی روو لە گەشەی کۆمەلگاکان نەتەنیا پەنا دەبەنە بەرسانسۆرو سەرکوتی توندو خویناویی بەرهەلستکارانیان، بەلکوو هەوڵ دەدەن ئۆپۆزیسیۆنیکی کارتۆنی بۆخۆشیان ساز بکەنو وەك جینشینی خەیالیی خۆیان بواری هەلسوورانو مانۆریان بۆ پیك بینن. ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیرانیش بۆ خاوکردنەوەی رەوتی روو لە گەشەی کۆمەلگای ئیران، نەتەنیا پەنا دەباتەبەر سانسۆرو سەرکوتی توندوتیژی بەرهەلستکارانو جیابیران، بەلکوو هەوڵ دەدا کە کۆمەلانی خەلك لە دووبارە هاتنەوە سەرکاری ریژیمیك بترسینێ کە چەندین ساڵ لەمەوپیش لە لایەن ئەوانەوە رەت کرایەوەو کۆتایی بە ژیانە سیاسییەکەی هات. ریژیمی کۆماری ئیسلامی هەرکاتێ قەیرانیکی قووڵ بەربینگی پێگرتبێو لەرزی هەرەسهینانی ریژیمەکەی دای گرتبێ، بە شیوەیەکی ناراستەوخۆو لە ریگای دامودەزگا پرۆپاگەندەکانیەوە برەو بەم دەنگۆیە دەدا کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرەس بهینێ، لەوانەیە ریژیمی پاشایەتی جاریکی دیکە جلەوی دەسەلاتی ولات بەدەستەوە بگرێ. هۆی ئەم پروپاگەندەیەش بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە گەلانی بن دەستی ئیران دوای تیپەرینی ۲٤ ساڵ، هیشتا ستەمو سەرکوتو سەرەرۆیی ریژیمی پاشایەتییان لەبیرنەچۆتەوە. ئەم تاکتیکە کۆنو رزیوەی کۆماری ئیسلامی، رستە بەناوبانگەکەی "رەزا شا"مان وەبیر دینیتەوە کە دەیگوت "ئەگەر من نەبم، ئیران دەبیتە ئیرانستان"!

هەموان دەزانن کە ئاخوندە ریاکارەکان لە رۆژی ۱۲ی خاکەلیوەی ٥٨دا تەنیا دوو ریگایان لەبەردەمی خەلکی ئیراندا دانا. واتە یا "ریژیمی پەهلەوی یان کۆماری ئیسلامی"و لەبەر ئەوەی کە خەلکی ئیران هیچ ئەزموونیکیان لە حکوومەتی دیکتاتۆریی ئایینی نەبوو، لە رووی ناچارییەوە دەنگیان بە ریژیمی کۆماری ئیسلامیدا. ئیستاش کۆماری ئیسلامیی ئیران دەیەوێ وابنوینێ کە گەلانی بن دەستی ئیران تەنیا دوو بژاریان هەیەو دەبێ لە نیوان "خراپو" "خراپتر"دا، یەکیکیان هەلبژیرن، بێئاگا لەوەی کە بە هۆی ئەو هەموو جینایەتو ستەمو درندەییانە کە لە ماوەی ئەم ۲٤ سالەدا دەرهەق بە گەلانی بن دەستی ئیران ئەنجامیان داون، لە پلەی "خراپ"ەوە دابەزیوونەتە پلەی "خراپ تر". ئاشکرایە کە گەلانی ئیران نوینەرانی راستەقینەی خۆیان هەیە، ئەو نوینەرانەی کە هەم دژی ریژیمی درندەی پاشایەتی خەباتیان کردوەو هەم ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا رەت دەکەنەوە. زیاد لەمەش جیهانی ئەمرۆ جیهانی پلورالیزمەو میژووی بە رەشو سپی بینینی جیهانو مەحکووم بوونی کۆمەلانی خەلك بە هەلبژاردن لە نیوان "خراپ"و "خراپ تر"دا کۆتایی هاتوە.

ماوەیەکە ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئیران بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ ریژیمی هەلوەشاوەی پاشایەتی وەك جینشینو ئالترناتیڤی خۆی بە مەبەستی سەرکوتی خویناوی گەلانی بن دەستی ئیران هیناوەتە گۆرێو لایەنگرانی ریژیمی پاشایەتیش ئەم دەرفەتەیان قۆستۆتەوەو بە نیشانەی نفووزو ئیعتباری خۆیان لە نیو گەلانی ئیراندا لەقەلەمیان داوە.

هیلە گشتییەکانی سیاسەتی سەلتەنەتخوازان بە تایبەت دوای کردەوە تیرۆریستییەکانی ۱۱ی سپتامبر ئەوە بوو کە بە سەرنجدان بە چالاکبوونی دیپلۆماسیی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەراستداو کردەوەی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان، ئەگەری دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونە لە عیراقو ئیراندا، هەوڵ بدەن لە ریگای ئەمریکاوە ریژیمی پاشایەتی لە ئیراندا سەقامگیر بکەن. لەم پیوەندییەدا هیندێ لە راگەیەنەگشتییەکانی سەلتەنەتخوازانی نیشتەجێ لە لۆسئانجلیس بە بیانووی جۆراوجۆرەوە لە دوو تویی بەرنامە تەلەفزیونییەکانی خۆیانەوە، پشتگیرییان لە هیرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئیران کردو تەنانەت خوازیاری پەلە کردن لەو هیرشەشدا بوون. شتیك کە لەم پیوەندییەدا زۆر گرنگەو ئاگاییو دەرکی سیاسیی بەرزی گەلانی ئیران بە باشی پیشان دەدا، ئەوەیە کە تا ئیستا هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیو خویندکاری بە بانگهیشتو ریکخستنی ئەوان نەهاتۆتە ئاراوەو تەنانەت دروشمیکیش کە ئاماژە بە سەلتەنەتو سەلتەنەتخوازی بکا نەبیستراوە. بۆ سەلماندنی ئەم واقعییەتە تەنیا ئاماژە بە هیندێ دروشم دەکەین کە لە جوولانەوە ئیعتیرازییەکانی خویندکارانو کۆمەلانی خەلکدا هاتۆتە ئاراوە. "ئەکبەر شا، ئەکبەر شا ـ مەرگ بۆ شا"، "خامەنەیی شەرم بکە ـ واز لە سەلتەنەت بهینە" لەم دروشمانەوە بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئاکامە کە شاو سیستمی پاشایەتی تەنانەت لە نیوان ئەو لاوانەشدا کە ئەزموونی سەرەرۆیی پاشایەتییان نیە، نرخو بایەخیکی ئەوتۆیان نیە. هەرچەند کە سەلتەنەتخوازان لە چەندین کانالی رادیۆییو ئاسمانییەوە پرۆپاگەندەیەکی خەستو خۆلیان لە ناوەوەو دەرەوەی ئیراندا چ بە شیوەی راستەوخۆو چ ناراستەوخۆ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە سەلتەنەتو ریژیمی پاشایەتی دەست پێکردوە، بەڵام تا ئیستا نەیانتوانیوە بچووکترینو لاوازترین جوولانەوەی کۆمەلایەتیو سیاسی لەنیوخۆی ئیراندا وەرێ بخەن. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە بەرنامەو پرۆپاگەندەکانی سەلتەنەتخوازان، بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان تا ئیستا هیچ رەخنەیەکی جیددییان لە رابردووی خۆیان نەگرتوەو شۆرشی گەلانی ئیران لە ریبەندانی ٥٧یان بەو شیوەیەی کە شیاوی ئەو شۆرشەیە قبووڵ نەکردوەو هەوڵ دەدەن رووداوی ئەو شۆرشە ببەستنەوە بە نائاگایی گەلانی ئیرانو لەم رووەوە گەلانی ئیران بە قەرزداری خۆیان بزاننو خۆیان بە خاوەن قەرز.

کیشەو هەلەی ئەوان لەوەدایە کە ناتوانن ئەم راستییە دەرك بکەن کە گەلانی ئیران لە سالی ٥٧دا، تەنیا کۆتاییان بە حکوومەتی شا نەهینا، بەلکوو بۆ هەمیشە نیزامی پیش سەرمایەداریی پاشایەتییان لەگۆرنا. ئەوان ئەم راستییەیان پێقبووڵ ناکرێ، کە نیزامی پاشایەتی لە تەك یاساکانی وەگەرکەوتنی سەرمایەو کەلەکەبوونی سەرمایەداری لە سەردەمی "جیهانگیری"دا ناتەبایەو میژووی ئەو سیستمە رزیوە لە لای زلهیزە نیونەتەوەییەکانەوە بەسەر چووە. ئەگەر لە چەند ولاتی ئورووپاییدا هیشتا "شا"و سەلتەنەت بوونیان هەیە، تەنیا وەك نەهادیکی تەشریفاتیو سەمبولیك چاوی لیدەکرێ، بەڵام ناکرێ نیزامی سەلتەنەت لە ولاتە پەرەئەستینەکانی جیهانی سییەمدا وەك نەهادیکی سەمبولیكو تەشریفاتی چاو لی بکرێ.

سەلتەنەتخوازان تەنیا لە هەلومەرجیکدا دەتوانن هیوادار بن کە لە داهاتووی ئیراندا رۆلیان هەبێ کە؛

یەکەم؛ بە شیوەیەکی جیددی رابردووی خۆیان بخەنەژیر رەخنەوەو بە

بۆ لاپەری ۱۰

# جیگای قانوونیی گەلی کورد لە قانوونە بنچینەییەکانی ئیراندا

## (تیشکیك بۆ سەر ئەسلی پازدەهەم)

فەرهاد ئەکبەری

باشترین پیوانە بۆ سەلماندنی رادەی ریزگرتن لە مافو ئازادییە نەتەوایەتییەکانی هەر گەلیك لە هەر ولاتیکدا، چۆنیەتیی رەنگدانەوەی مافەکانی ئەو گەلە لە نیو قانوونی بنچینەیی ئەو ولاتە دایە. کەوابوو بۆ هەلسەنگاندنی وەزعی گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا، دەبێ چاویك بە قانوونە بنچینەییەکانی ئیراندا بخشینین.

**١ـ کورد لە قانوونی مەشرووتییەتدا**

بە پیی قانوونی بنچینەیی سالی ١٢٨٥ی هەتاوی (١٩٠٦)ی شۆرشی مەشرووتە، حاکمییەت لە ئیرادەی گشتیی نەتەوەی ئیرانەوە سەرچاوە دەگرێ کە مەبەستی ئەو قانوونە لە نەتەوەی ئیران، گەلی فارس بوو. بە واتایەکی دیکە گەلانی ئیران بە گشتیو بە تایبەت گەلی کورد ـ کە مەبەستی ئەم باسەیە ـ هیچ جیگایەکی حقووقی ـ سیاسییان لەو قانوونەدا نەبووو جگە لە گەلی فارس، گەلانی دیکە لە سەرجەم مافە سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو فەرهەنگییەکانیان بێبەش کرابوون. گەرچی لە قانوونی ناوبراودا ئەسلیك بۆ بەریوەبردنی ولات لە شیوەی ئەنجومەنە ئەیالەتیو ویلایەتییەکان دا، پەسند کرابوو، بەلام پێناچێ مەبەستی ئەم ئەسلە بەریوە بردنی ولات بە پیی تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئیران بووبێ. چونکە هەروەك باس کرا لەو قانوونەدا هیچ ئاماژەیەك بە مافەکانی گەلانی ئیران نەکراوەو هەر لە بنەرەتدا ئەو ئەسلە جیبەجێ نەکرا هەتا بزانرێ چۆنو بە چ شیوەیەك لە ژیانی گەلانی ئیان دەنگ دەداتەوە.

**٢ـ سەردەمی دەسەلاتی بنەمالەی پەهلەوی**

رەزاخان لە سالی ١٣٠٤دا تاجی پاشایەتی لەسەر نا، سەلتەنەتی پەهلەوی دامەزراندو بەرسمی بوو بە شای ئیران. رەزاشا بۆ دامەزراندنی سیستمیکی ئیداری ـ سیاسیی بەهیزو بێرەکەبەرو سەپاندنی هوییەتی رەسمیی نیزامەکەی ـ هوییەتی فارس ـ بە سەر گەلانی دیکەی ئیراندا، سیاسەتی تواندنەوە، یەکدەست کردن، ئینکاری هوییەتی نەتەوایەتیو سەرکوتی ئەوانی گرتە بەر. سەرخستنی سیاسەتیکی ئەوتۆش، پیویستی بە کەلك وەرگرتن لە ئامراز گەلیکی رەسمی وەك ئەرتەش بە پلەی یەکەمو هیزو ئامرازەکانی دیکە هەبوو. ریژیم هەر چەشنە ویستیکی نەتەوایەتیی گەلانی ئیرانی وەك مەسەلەیەکی ئەمنییەتی سەیر دەکردو بە هەرەشە بۆ سەر خۆی لە قەلەم دەدا. بۆیە رەفتارو کردەوە درندانەکانی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو هەرەشانە، قانوونی کردنو بە تەواوی ریگای بۆ هیزە سەرکوتکەرەکانی خۆی ئاوالە کرد کە بە هیچ جۆر دەست نەپاریزنو ئەوەی کە لە دەستیان دێ بیکەن. تا بەلکوو سیاسەتەکانی کە بریتییە لە تواندنەوەی گەلانی دیکە لەنیو هوییەتی تاقانەی نیزامی حاکمدا بۆ، جیبەجێ بکەن.

لە حالیکدا هەروەك دەزانین، میللەت تەنیا لە ریگای پرۆسەیەکی قوولو گشتگیری سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو کولتوورییەوەو بەهۆی وشیاریو یەکیەتیی دلخوازی کۆمەلانی خەلکەوە دروست دەبێ. ئەوە کۆمەلانی خەلکن کە هوییەتی دەولەتی حاکم دیاری دەکەن. چونکە ناسیونالیزم کە لە ئاکامدا میللەتی لێ دەکەویتەوە بۆخۆی بەرهەمی مودیرنیتەیە، مودیرنیتەش بە مانای سەروەریی عەقلی ئینسانە. واتە عەقلیك کە پیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەل ئازادیدا هەیە. بۆیە تەنیا بە سەپاندنی حاکمییەتی نەتەوەیەكو بەبێ پێکهێنانی مەرجە سەرەکیو پێویستەکانی دروستبوونی میللەت، واتە دێمۆکراتیزە بوونی سیاسەت، لیبرالیزە بوونی کولتوورو دامەزراندنی دەسەلاتێکی گەلی، میللەت دروست نابێ. کەوابوو خودی سیستمی پاشایەتی لە بنەرەتدا لەگەل دیاردەی میللەتدا ناتەبایە. ئەگەر سەرنجی میژووی ئورووپا بدەین، دەبینین کە دەولەتە مودێرنەکان، لەسەر کەلاوەی سیستمە پاشایەتییەکان ساز بوون، نەك بە زەبری هێزو ئینکاری هوییەتی گەلانی دیکە لەلایەن ئەودەولەتانەوە.

خالێکی گرنگو جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکیی بەشێکی زۆر لەو شەرو توندو تیژییانەی کە لە سەردەمی بنەمالەی پەهلەویدا روویان داو تا رادەیەکی زۆریش نەهادینە بوونو شوینەواریشیان هەتا ئیستاش هەر ماوە، لە سیاسەتی چەوتو تیگەیشتنی ئاوەژووی حاکمییەت لە مودیرنیتە، سەرچاوە دەگرێ سیاسەتیك کە میللەتی وەك چەمکیکی قەومی سەیر دەکردو لە چەمکە سیاسییە راستەقینەکەی خۆی بە تال کردبۆوە. بۆیە هیچ کات نەیتوانی میللەتیك بە ناوی میللەتی ئیران بە هوییەتیکی یەکگرتووەوە دروست بکاو تەنانەت ئەو پرۆژەیەش لە قۆناغەکانی دواتریشدا شکستی خوارد کە لە دریژەی ئەم وتارەدا باس دەکرێ.

رەزاشا بە روالەت توانی لە ماوەی دەسەلاتی خۆیدا گەلانی ئیرانو یەك لەوان گەلی کورد سەرکوت بکاو زمانو ئەدەبیاتی کورد ریبەند بکاو بەشیکی زۆر لە نەیارانیخۆی لە ریگای جۆراوجۆرەوە لەنیو بەرێ. بەلام دەولەتە بەناو ناسیونالەکەی کە تەنیا راگرو پاریزەری ئەرتەشی پاشایەتی بوو، لە سەردەمی شەری دووەمی جیهانیدا هەژار وتەنی: بەبلاو بوونەوەی دوو پەر ئاگاهی، لیك بلاو بوو ئەرتەشی شاهەنشاهی. باهۆزی رۆژگار رەزاشاو ناسیونالیزمەکەی کردە تۆزی بانانو ئاسەواری نەهیشت.

پاش رووخانی دیکتاتۆریی رەزاشا، گەلانی ئیران پشوویەکیان وەبەر هاتەوەو لەو فەزا ئازادەی کە بە نەمانی ناوبراو و هاتنە ناوەوەی هیزە هاوپەیمانەکان دروست ببوو، چەندین حیزبو ریکخراوی جۆراوجۆر لە سەرانسەری ئیراندا دامەزرانو کەوتنە هەولدان بۆ وەدیهینانی مافە دیمۆکراتیكو رەواکانی گەلانی ئیران.لە کوردستانیشدا کۆمەلەی (ژێ کاف)و پاشان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران دامەزران، کە دەسکەوتی هەرە مەزنیو، جیی شانازیی هەموو کورد. دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ریبەرایەتی پیشەوا قازی محەممەد بوو، یەکیك لە هەنگاوە بنەرەتییەکانی کۆمار لە ماوەی دەسەلاتی کورتی خۆیدا، تەرخانکردنی ئیمکانات بۆ خۆیندنو چاپەمەنی بە زمانی کوردی بوو. لەو ماوە کورتەدا جگە لە رۆژنامەی کوردستان، چەندین رۆژنامەو بلاقۆکی دیکەش چاپو بلاو کرانەوە کە بۆ ئەو دەم هەنگاویکی مەزن بوو. بەم هەنگاوە بناخەیەکی پتەو بۆ پەرەسەندنی زمانو ئەدەبیاتی کوردی دانرا کە ئیستاش ئاسەوارەکانی لەسەر هەموو چینو تویژکانی کۆمەلی کوردەواری، بەتایبەت سیاسەتوانانو رووناکبیران دیارو بەرچاون. لە راستیدا دەبێ بلیین زمانو ئەدەبیاتی کوردی لە کوردستانی ئیراندا زیندوو کردەوەو، سەرەرای ئەمەش گەلی کورد بوو بە ئالا هەلگرو پیشەنگی خەباتی میللی ـ دیمۆکراتیکی گەلانی ئیرانو بیرۆکەی چەوتو چەواشەی، تواندنەوەو سرینەوەی هوییەتی نەتەوایەتیی گەلانی کورد، ئازەریو بەلووچو عەرەبی لەنیو هوییەتی دەسەلاتی حاکمداو هەروەها پیکهینانی میللەتیك بە ناوی میللەتی یەکدەستی ئیران کە لە نەژادی خاوینی ئارییاییەوە سەرچاوەی دەگرتو رەزاشا ئالاهەلگری بوو بە یەکجاری پووچەل کردەوە.

راستە گەلانی ئیران پاش نەمانی رەزاشا تا رادەیەکی زۆر ئازادییان وەدەست هیناو تەنانەت پیش لە گەلی کورد، گەلی ئازەری توانی کۆماری ئازەربایجان دابمەزرینێ، بەلام بە داخەوە پاش بەسەر چوونی ئەو تەمەنە کورتەی ئازادی، بیجگە لە گەلی کورد کە بە بێ وچانو بەردەوام هەتا ئیستاش لە خەبات دایە، هیچ کام لە گەلانی دیکەی ئیران نەیانتوانی بەجۆرەی کە پیویستە لە مەیدانی خەباتدا بميننەوە، بەجۆرە خەباتگیرانی کورد، بە تەنێ مانەوەو ئەرکیکی یەکجار گرانیان کەوتە سەر شان، ئەویش ئەرکی پاراستنی سەنگەری ئازادیی ئیران بوو. هەرچەندە محەممەد رەزاشا سەرەتا نەیتوانی وەك باوکی، گەلانی ئیران بە تەواوی سەرکوت بکا ئازادییەکان لەو فەزا نیمچە ئازادییەشدا، بە شیوەیەکی غەیرە رەسمی بەرنامەیەکی رادیویی بە زمانی کوردی بلاو کرایەوەو هیندیك نامیلکە بە کوردی چاپ کرانو ریگە درا لە یەك دوو زانکۆشدا لەسەر فولکلوری کوردی لیکۆلینەوە بکرێ، بەلام هیچ کات بە شیوەیەکی رەسمی هەلی بلاو بوونەوەی رۆژنامە یا هەر چەشنە بلاڤۆکیکی دیکە نەرەخسینرا.

ئەوانەی لەسەرەوە باس کران چەند نموونەیەك لە رەفتاری ریژیمیك بوون کە خۆی بە ریژیمیکی مودیرن دەزانیو پیی وابوو بۆخۆی لە سەرەوەو، تەنیا بە یارمەتیی ئەرتەشو دەزگا داپلوسینەرەکانی دیکەی خۆی دەتوانێ پرۆسە مودیرنیزە کردنی کۆمەل بە بێدیمۆکراتیزە کردنی دەسەلاتو لیبرالیزە کردنی کولتوور بەریتە پیشو بە خەیالی خۆی میللەتیك بە ناوی میللەتی ئیران پیك بینێ. بەلام نەك هەر ئەمەی بۆ نەچووە سەر، بەلکوو بەدەستی خۆی گۆری خۆی هەلکەند.

**٣ـ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی**

یەکیك لە بەرهەمەکانی سەرهەلدانی میللەتان لە ئورووپادا، تیکەوە پیچرانی دەسەلاتی پاشاکانو پیاوە ئایینییەکانو هەروەها رووخانی سیستمە پاشایەتیو تیوکراتەکانو حاکمبوونی ئیرادەی کۆمەلانی خەلك بوو. بەلام بە پیچەوانەوە لە ولاتی ئیمەدا، بە رووخانی دەسەلاتی سەلتەنەتی، بە دەستی گەلانی ئیران، واتە ریژیمیك کە بە زۆر خۆی بە سەر گەلان ئیراندا سەپاند بووو بە ناهەق خۆی وەك نوینەری رەسمی ناسیونالیزمی ئیران دەزانی، ریژیمیکی دیکە هاتە سەرکار کە لە هیچ شوینیکی دنیادا وینەی نەبووەو لە راستیدا ریژیمی نوێ، بەرهەمی ئەو فەزا دیکتاتۆر لیدراوە بوو کە ریژیمی پیشوو لە ماوەی زیاتر لە پەنجا سال دەسەلاتی خۆیدا خولقاندبووی، فەزایەك کە بەشی ئازادیخوازانو تیکۆشەران تییدا تەنیا زیندانو ئەشکەنجەو مەرگ بوو. بۆیە کۆمەلگەی ئیران لە بواری سیاسییەوە کۆمەلگەیەکی هەژار بوو و تەنیا بژاردەکانو جودابیران، واتە تەنیا تویژیکی تەنك لە کۆمەلگەی ئیمەدا تارادەیەك لەگەل بیروبۆچوونە سیاسییە پیشکەوتووەکاندا ئاشنا بووو مافو ئازادییەکانی خۆی دەناسی. کەوابوو لەباری سیاسییەوە کۆمەلگاکەمان بە گویرەی پیویست گەشەی نەکردبوو. هەربۆیە هاتنە سەرکاری ریژیمیکی ناوازەی وەك کۆماری ئیسلامی لە کۆمەلگەی سوننەتیی ئیمەدا تا رادەیەك ئاسایی بوو. چونکە کادرەکانی ئەم ریژیمە نوێیە بۆخۆیان هەلگری بیروباوەری سوننەتی بوونو هیچ پیویست نەبوو لە پیناوی سەرخستنی بیروباوەرەکەیاندا زەحمەتیکی ئەوتۆ بدەنە بەر خۆیان. چونکە هەروەك باس کرا، لەو بۆشاییەی کە بە هۆی لاوازیو پەرتەوازەیی هیزە دیموکراتو پیشکەوتنخوازەکانو هەروەها کەم ئەزموونیی سیاسییەوە دروست ببوو، هەلیکی لەبار بۆ سەرکەوتنی ریژیمی کۆماری ئیسلامی رەخسابوو.

گەلانی ئیران کە لە ماوەی دەسەلاتی بنەمالەی پەهلەویدا، تالترین دەورانی ژیانی خۆیان، دەرباز کردبوو و تووشی ئازارو ئەشکەنجەیەکی لەرادە بەدەر هاتبوون، بەو پەری تواناوە لە رووخاندنی ریژیمدا بەشدارییان کرد. ئەوان هیوادار بوون ریژیمیك بیتە سەرکار کە بە پیی قانوون مافەکانیان بسەلمینێو جیگایان لەنیو سیستمی سیاسیی ولاتدا بۆ دەستنیشان بکا، دان بە ئازادییە سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو فەرهەنگییەکانیان دابنێ. ئەمانە چاوەروانییەکانی گەلانی ئیران لە ریژیمی نویی ئیران بوون.

**٤ـ قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامی**

قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامی لە دوو ئەسلی دژ بە یەكو ناتەبا پیك هاتوە کە هەرکام لەو چەمکانە بە جۆریك دەسەلاتو حاکمییەتی سیاسی پیناسە دەکاو ئەمەش زەمینەی بۆ ناکۆکیو کیشە لەنیو خۆی حاکمییەتدا دروست کردوە، چونکە بە پیی ئەو ئەسلە قانوونییانە، سەرچاوەکانی رەوایی دان بە دەسەلات جیاوازنو ئەو چەمکانەش بریتین لە ١ـ چەمکی دیمۆکراتیکی دەسەلات (ماددەی ١) ٢ـ چەمکی ئیلاهیی دەسەلات (ماددەی ٥). بە پیی ماددەی یەکی قانوونی بنچینەیی ئیران دەسەلات لە ئیرادەی یەکپارچەی خەلکی ئیرانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەلام بە گویرەی چەمکی ئیلاهیی دەسەلات، دەسەلاتی فەقیهی سەردەم وەك سەرچاوەی هەرەبەرزی دەسەلاتو رەواییە. ئیرادەی رەهای ئەو چوارچیوەی حوقووقی ـ سیاسی بەریوەبردنی ولات دیاری دەکاو لە سەروو ئیرادەی خەلکەوەیەو رەوایی خۆی لە قانوونە ئاسمانییەکانەوە وەردەگرێو خۆی لەبەرامبەر خەلکدا بە بەرپرسیار نازانێ.

چەمکی ئیلاهیی حاکمییەت لە تیزی ویلایەتی فەقیهی خومەینی لەبارەی حاکمییەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە بۆتە ئیدئۆلۆژیی رەسمیی ریژیمی کۆماری ئیسلامی. لە روانگەی چەمکی ئیلاهیی حاکمییەتەوە، کۆماری ئیسلامی لە دەست کەسیك دایە کە بە نوینەری ئیمامی زەمانو مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی دادەنرێو تەنیا لە بەرامبەر خودادا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. هەروەها بە پیی ئەم تیزە موسولمانان سەر بە کۆمەلیکی یەکپارچەی ئیسلامی بە ناوی ئوومەتن کە پلەو پایەی ئینسانەکان تییدا بە گویرەی ریژەی ئیمانو رادەی دوورو نیزیکی لە خوداوە دیاری دەکرێ، نەك بە گویرەی تایبەتمەندییە نەتەوەییو فەرهەنگییەکانی گەلانو مافە سیاسیو دیموکراتیکەکانیان. کەوابوو لیرەدا ململانێیەکی بێکۆتایی لەنیوان ئەو دوو چەمکەدا هەتا سەرکەوتنی یەکیکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا بەردەوام دەبێ. چونکە تیزی ویلایەتی فەقیهو ئەو دەسەلاتە رەهایەی کە رەوایی خۆی لەم تیزە وەردەگرێ، هەرگیز لەگەل دەسەلاتیکی گەلیو دیمۆکراتیکدا ناگونجێو هەرچەشنە مافیکی دیمۆکراتیك هەرچەندە زۆر ناتەواو قانوونییش بێ، راست وەك مەترسییەك بۆ سەر دەسەلاتی رەهای وەلیی فەقیهـ لە قەلەم دەدرێو بە کردەوە وەلا دەنرێ.

**٥ـ ئەسلی پازدەی قانوونی ئەساسیو مافەکانی گەلانی ئیران**

لە ئەسلی پازدەی قانوونی بنچینەیی ئیراندا هاتوە کە: "زمانو رینووسی رەسمییو یەکگرتووی خەلکی ئیران فارسییە، سەرجەم بەلگەنامە، نامەکاریو دەقو کتیبە دەرسییەکان دەبێ بە زمانو رینووسی فارسی بن. بەلام کەلك وەرگرتن لە زمانە ناوچەییو قەومییەکان لە چاپەمەنیو راگەیەنە گشتییەکانداو هەروەها خویندنی ئەدەبیاتی ئەو گەلانە لە پال زمانی فارسیدا ئازادە."

ئەگەر سەرنجیکی جیگای سیاسیو حوقووقیی گەلان لە سیستمە دیمۆکراتیکەکاندا بدەینو لەگەل ئەم بە ناو مافەی کە لەگەل ئەسلی پازدەی قانوونی بنچینەییدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە گەلانی چەوساوە ئیران رەوا بینراوە، بەراوردی بکەین، بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا مەبەست لە ئاماژە کردن بەم مافە تەواو کولتوورییە کە تەنانەت چوارچیوەکەشی بە تەواوی روون نەکراوەتەوە، هەلفریواندنی گەلانی ئیرانەو بەس. چونکە نەك هەر لەدەقی ئەسلەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە ناوی گەلانی غەیرە فارس نەکراوە، بەلکوو دیسان زمانو رینووسی فارسی بە رەسمی ناسراوەتەوەو وەك تاقە هوییەتی نیزامی حاکم دیاری کراوە. هەروەها ئەمە بەو مانایەیە کە هینانەگۆری هەر جۆرە داخوازیکی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووریو. . . لەلایەن گەلانی ئیرانەوە بەدەر لەو مافەی کە لە قانووندا بۆیان دیاری کراوە، راست وەك دوژمنایەتیو دژایەتی لەگەل شۆرشو نیزامدا لیك دەدریتەوە. دیارە دژایەتی لەگەل نیزامیکی ئیسلامییشدا سزاکەی چیە؟ بەتایبەت ئەگەر حیزبو ریکخراوە دیمۆکراتو پیشکەوتنخوازەکان ریبەرایەتیی گەلانی ئیران بۆ وەدەستهینانی مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن، ئەوە ئیتر هەر کوفرەو بیانوویەکی زۆر بەهیزو رەوا دەداتە دەست ریژیمەوە بۆ سەرکوتی ئەو گەلانەو تەنانەت ئەگەر پیویستیش بی بۆ سەرکوتی نەیارانی خۆیانو بۆ پاراستنی حاکمییەتە ئیلاهییەکەیان لە فتوای جیهاد کەلك وەردەگرن، هەروەك لە کوردستاندا کەلکیان لێ وەرگرت. ئەمەیە جیگای حوقووقی ـ سیاسیی گەلانی ئیران لە قانوونی بنچینەیی ریژیمی ئاخوندیدا.

گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بە ریبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، هەروەك چۆن بە بێپسانەوەو قارەمانانە هەر لە پیش دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە ئالای خەبات دژی ریژیمی دژی گەلیی پەهلەوی بەرزو شەکاوە راگرت، لە کاتی شۆرشی گەلانی ئیرانیشدا رۆلیکی دیارو بەرچاوی هەبوو. بۆیە لە سایەی وشیاریو گیانبازیی رۆلە خەباتگیرەکانی گەلی کورد لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا، ریژەی ئاگاییو تیگەیشتنی سیاسیی گەلی کورد لەسەرێ بوو، بەم پێیە سروشتی بوو کە ئەگەر حیزبی دیموکراتو گەلی کورد، هەر زوو نیوەرۆکی راستەقینەی ریژیمی ئاخوندی بناسنو فریوی فرتوفیلی ئاخوندەکان نەخۆنو دەنگ بە کۆماری ئیسلامیو قانوونەکەی نەدەن. ئەمەش شانازییەکی دیکەیە بۆ گەلی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران.

زۆری پێ نەچوو کە بە هیرشی پاسدارانو بەکریگیراوانی ریژیمی نوێ بۆ سەر کوردستانو قەتلوعامی خەلکی بێدیفاعی کوردو دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، ناراستیی ئیددیعای سەرانی ریژیمی نویی بە نیسبەت دانی مافەکانی گەلانی ئیران بەگشتیو بە تایبەتی گەلی کورد دەرکەوت. ریژیمی ئاخوندی ویستی بە هیرش بۆ سەر سەنگەری ئازادیی ئیران ـ کوردستان ـ خەباتی گەلی کورد لە پیناوی گەیشتن بە مافەکانی تیك بشکینێو خەیالی لەم پیوەندییەدا ئاسوودە بکا. ئەگەرچی هیرشی درندانەی هیزەکانی ریژیم بۆ سەر کوردستان بە پشتیوانیی فتوای خومەینییەوە کرا، بەو حالەش سەریان لە بەردی رەق کەوتو لەگەل بەربەرەکانێیەکی کەموینەدا بەرەوروو بوون.

لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی فرەرەنگی ، فرەدەنگیو فرەکەلتووری ناسراوەو رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر جیاوازییە کەلتوورییەکان تییدا بەرەسمی دەناسرین، ناکرێ چیدیکە گەلان سەرکوت بکرینو حاشا لە مافەکانیان بکرێ، چونکە بە هۆی پیشکەوتنی تیکنولۆژی لە هەموو بوارەکانو بە تایبەت لە بواری پیوەندییەکاندا، نەتەوە جۆراوجۆرەکان بەشیویەکی بەرفراوان مافو ئازادییەکانی

بۆلاپەری٩

# وتوویژ لەگەڵ کاک سەعید سەیدی، ئەندامی شووراى شاری مەریوان

ئامادەکردنی: ع. رەهنموون



**کاک سەعید سەیدی، ئەندامی شووراى شاراى مەریوان‌و جیگری بەرپرسی ئەو شوورایە بوو کە لە هەلبژاردنی خولی یەکەمی شووراکان لە ساڵی ١٣٧٧دا لە نیو پالیوراوانی نوینەرایەتیی شووراى شاردا زۆربەی دەنگەکانی بەدەست هینا. ئەو بەریزە لە دوای دەرچوونی حوکمی دەستبەسەرکرانی لە لایەن دادگای بەنیو شۆرشی ریژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامییەوە، رۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨١، هاتە ریزی پرلە شانازی پیشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە. ئیمەش ئەم دەرفەتەمان بۆ هەڵکەوت تا لە پیوەندی لەگەڵ هەلبژاردنی شووراکانی شاردا ئەم وتوویژەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

✧✧✧

**پ: کاک سەعید بە رای بەریزتان ئەو هۆکارانە چ بوون کە کاربەدەستانی ریژیمی کۆماری ئیسلامییان ناچار کرد کە دوای ٢٠ ساڵ بینە سەر ئەو باوەرەی کە هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ بەریوە بەرن؟**

و: ئەو هۆکارانەی کە ریژیمیان ناچار کرد هەلبژاردنی شوورای شارەکان بەریوە ببا، هەم لایەنی دەرەکی هەبوو، هەم لایەنی نیوخۆیی. واتە هەم لە دەرەوەو هەم لە نیوخۆی ئیراندا فشاریکی زۆر خرابووە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەم هەلبژاردنە بەریوە ببا. واتە رەوتی بە جیهانیبوون‌و دیاردە جیهانیی‌یەکان‌و ئەو ئالوگۆرانەی کە لە ئاستی جیهاندا لە گۆریدا بوون، پیویستیی بەشداریی خەلك لە بەریوەبردنی کاروبارەکانی خۆیاندا هینایە گۆرێ‌و مەسەلەی بەشداریی هاووڵاتییان‌و سنووردار کردنی دەسەڵاتی دەولەت ئەو هۆکارانە بوون کە لە دەرەوە گوشاریان دەخستە سەر کۆماری ئیسلامیی ئیران. هەروەها نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەلك لە ریژیم‌و وەدینەهاتنی ویست‌و داخوازەکانیان‌و رەوتی روو لە گەشەی بزووتنەوەی فیکری‌و چوونە سەرەوەی ئاستی داخوازی‌یەکانی هاووڵاتییان بە تایبەت دوای هەلبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ٧٦و بیرکردنەوەی ریژیم لە "سووپاپیکی ئیتمینان" بۆ ئەوەی باردۆخەکە گرژتر نەبێ‌و گوشاری ریفورمیستە حکوومەتی‌یەکان بۆ سەر قۆلی پاوانخوازو زۆر هۆکاری دیکە کاربەدەستانی ریژیمیان ناچار کرد کە دوای ٢٠ ساڵ یەکیك لە بەندەکانی قانوونی ئەساسیی ریژیم پیادە بکرێ. بەم شیوەیە لە ساڵی ١٣٧٧داو لە ئاوەها کەشوهەوایەکدا بوو کە هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ بەریوە چوو.

**پ: بەرای ئیوە بۆچی خەلکی ئیران لە هەلبژاردنی شووراکان لە دەوری یەکەمدا بە شیوەیەکی بەرچاو بەشدارییان کرد؟**

و: شتیك کە جیگای سەرنجە ئەوەیە کە ویست‌و داخوازی‌یەکانی خەلکی ئیران لە چاو سیاسەتەکانی ریژیم زۆر پیشکەوتووترن، واتە خەلك وان لە پیشی ریژیمەوە. بە دریژایی تەمەنی دیکتاتۆرانی دەسەڵاتدار بە سەر ئیراندا، خەلك تامەزرۆ بوون کە بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن‌و رۆلیان هەبێ لە بەریوەبردنی کاروباری وڵاتدا. خەلکی ئیران کە خوازیاری بەدیهاتنی ئالوگۆر بوون لەو کەشوهەوا رەخساوە کەلکیان وەرگرت‌و دیانویست کە بە بەشداری کردنیان لە کاروبارەکاندا دەستی کاربەدەستانی ریژیم کورت بکەنەوەو لە گۆرەپانیکی هەرچەند بەرتەسکیشدا بێ پاشەکشە بە دەستوپیوەندەکانی ریژیم بکەن‌و خۆیان هیندێ لەو کاروبارانە وەئەستۆ بگرن. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە داوای لایەن‌و هیزە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان بۆ بەشداری کردنی چالاکانەی خەلك لەم هەلبژاردنەدا رۆلی بەرچاوی هەبوو. بۆیە بینیمان بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك نوینەری راستەقینەی بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی کوردستان، بۆ دەنگدان بەو کەسانەی کە دلنیان بەرگری لە مافەکانی خەلك دەکەن، رۆلیکی گرنگی گیرا لە بەشدار بوونی خەلکی کوردستان لەم هەلبژاردنەدا.

**پ: ئایا ئەو چاوەروانییانەی کە کۆمەڵانی خەلك لە شووراکان هەیانبوون بەدی هاتن؟ ئەگەر وەڵامەکە موسبەت یا مەنفی‌یە هۆکارەکانی بۆچی دەگەریتەوە؟**

و: نەخیر، ویست‌و داخوازی‌یەکانی کۆمەڵانی خەلك وەدی نەهاتن. هەلبژاردنی شووراکان یەکەم ئەزموون بوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی چوارچیوەی دەسەڵاتی شووراکان بۆ کۆمەڵانی خەلك روون نەبوون‌و تەنانەت هیندێ لە هەندامانی هەلبژیردراوی شووراکانیش . .. چوارچیوەی دەسەڵاتی خۆیان نەدەزانی. کەوابوو چاوەروانی‌یەکانی خەلك لە شووراکان لەگەڵ چوارچیوەی تەسکی دەسەڵاتی شووراکاندا تا ئەندازەیەکی زۆر لیك دوور بوون. بەڵام بە شیوەیەکی گشتی لە هەموو شارەکانی ئیرانداو بە تایبەت شارەکانی کوردستان، خەلك لە کاری شووراکان نارازی بوون‌و ئەم نارەزایەتییانە بە مانای بەدینەهاتنی ویست‌و داخوازی‌یەکانی کۆمەڵانی خەلك بوون. واتە سەرف بوونی وزەو راندومان یەکی نەدەگرتەوەو شووراکان ببوون بە باوکی شارەداری‌یەکان‌و لەبەر ئەوەی هەموو ویست‌و داخوازی‌یەکانی خەلکی لە کانالی شارەداری‌یەکانەوە جیبەجێ نەدەبوون، چونکە سیستمی بەریوەبەریی شارەداری لە زۆربەی شارەکانی ئیراندا سیستمیکی دواکەوتوو بووو ئەم مەسەلەیە کەندو کۆسپیکی گەورەی لەسەر ریگای شووراکاندا دروست کردبوو. هەروەها لینەهاتوویی هیندێ لە ئەندامانی شووراکان‌و گریچنی کۆمەڵایەتی‌و خۆگیل کردنی دەولەت لە مەسەلەکان ببوونە لەمپەر لەبەردەم بەریوەچوونی کاروبارەکانداو لەم نیوەدا تەنیا کۆمەڵانی خەلك بوون کە زیانیان لی کەوت‌و لە راستی‌دا ریژیم خەلکی دەکرد بە گژی یەکتری‌داو خۆشی لە دوورەوە سەیری کیشەکانی دەکرد.

**پ: هەروەك بەریزتان ئاگادارن، شووراکانی شار بۆ بەریوەبردنی کارەکانی پیویستی بە هاوکاری زۆربەی ئورگانە دەولەتی‌یەکان هەبوو. شیوەو رادەی هاوکاری ئورگانە دەولەتی‌و حکوومەتی‌یەکان لەگەڵ شووراکاندا تا چ رادەیەك بووو کەندو کۆسپەکانی بەردەم بەریوەبەردنی کارەکانی خەلك چ بوون؟**

و: راستە کاروباری خەلك دەبێ لە لایەن دەزگا دەولەتی‌یەکانەوە پشتیوانی بکرێ. کاتێ دەبینین کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چاوەروانی‌یەکانی خەلك وەدی بینێ، بەو مانایەیە کە هەموو دەزگا دەولەتی‌یە وردو درشتەکان لەو ئاستەدا نین کە وەڵامدەری ویست‌و داخوازی‌یەکانی کۆمەڵانی خەلك بن. چونکە لە وڵاتە دیکتاتۆری‌یەکانی وەك ئیراندا پیکهاتە ئیداری‌یەکان جۆریك داریژراون کە ریگا بە بەشداریی خەلك لە بەریوەبردنی کارەکاندا نادەن. هەروەك ئاگادارن لە وڵاتی ئیراندا، دابرانیکی قووڵ لە نیوان دەولەت لە لایەك‌و نوینەرانی راستەقینەی خەلك لە لایەکی دیکەوە هەیە. بۆیە شتیکی ئاشکرایە کە کاربەدەستانی دەولەتی ناوەندیکی مەدەنی وەك شووراکان بە شتیکی زیادی بزانن‌و وەك مەترسی‌یەك بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان چاو لی بکەن. بۆیە هەمیشە کاربەدەستە دەولەتی‌یەکان بە شیوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ دژایەتییان لەگەڵ شووراو بریارەکانی‌دا کردووەو ئەگەر بیانزانییایە کە بریاریك لە لایەن شووراکانەوە بە قازانجی خەلك‌و کەمکردنەوەی مافیای دەسەڵات دراوە بێ یەك‌و دوو، هەولیان دەدا پیشگیری لە جیبەجێ بوونی بریارەکە بکەن.

**پ: دەزگا بان قانوونی (فراقانونی)یەکانی وەك دەزگای دژی گەلیی ئیتلاعات، سوپای پاسداران، بەسیج، بونیادی بەناو شەهیدو . . . بە چ شیوەیەك لەگەڵ شووراکاندا مامەلەیان دەکرد. ئایا دەخالەتی ناقانوونییان لە کاروباری شووراکاندا دەکرد؟ ئەگەر وەڵامەکەی ئەرێیە، تکایە چەند نموونەیەك لە شیوەو چۆنیەتی دەستیوەردانیان لەکاروباری شووراکاندا باس کەن؟**

و: ئەو دەزگا بان قانوونی‌و نامەدەنییانەی کە ئاماژەت پێکرد، مان‌و مەوجوودییەتی خۆیان لە پیشیلکردنی یاساو پەنابردنەبەر رەفتاری نامرۆڤانەو نائەخلاقی‌دا دەبینن. ئەوان هەمیشە لە "مەوزەعی قودرەت"ەوە لەگەڵ شووراکان لە پیوەندی‌دا بوون. ئەوان بۆ بەریوەبردنی ویستە نارەواکانیان‌و هەروەها بۆ ئاگادار بوون لە بەرنامەو پرۆژەکانی شووراکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردن‌و گیرە شیوینی چاوەدیریی راستەخۆیان بە سەر شووراکاندا دەکرد بە رای من فەلسەفەی وجوودیی ئەو دەزگایانەی کە ناوت هینان پاراستنی دەسەڵاتی سەرەرۆیانەی کۆماری ئیسلامی‌یەو ئەوان دژی هەرچەشنە بەشداری‌یەکی خەلکن لە بەریوەبردنی کاروبارەکانی خۆیاندا. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە وا لە خەلك بکەن متمانەیان بە خۆیان نەمینێ. بە کورتی لەگەڵ هەموو ماف‌و ئازادی‌یەکی خەلکدا دژایەتی دەکەن. بۆ نموونە هەر ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە بوون کە دوای ئەوەی شووراى شاری مەریوان بریاری دا بۆ ریزگرتن لە شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ـ مامۆستا قانع ـ لە یەکیك لە مەیدانەکانی شاردا پەیکەرەکەی دابنرێ، دژایەتییان کردو بە چاوترسین کردن‌و هەرەشەو گورەشە نەیانهیشت تەنانەت ئەو داخوازی‌یە بچووکەی خەلکی شاری مەریوان بەدی بێ.

**کاک سەعید! زۆر سوپاستان دەکەین بۆ بەشدار بوونتان لەم وتوویژەدا، ئیمە پرسیاریکی ئەوتۆمان نەماوە، لە کۆتایی‌دا ئەگەر روونکردنەوەیەکتان هەیە بیفەرموون؟**

و: تەنیا ئەوە دەلیم کە فەلسەفەی وجوودیی شووراکان ئەوەیە کە خەلك کاروباری خۆیان لە ریگای نوینەرانیانەوە راپەرینن، ئالوگۆر بە قازانجی خەلك پیك بینن، بەشداریی خەلك لە هەموو بوارەکاندا ببەنە سەرەوە، دەسەڵاتی دەولەتی بەرەبەرە جیگای خۆی بداتە دەسەڵاتی هاووڵاتییان، گیروگرفتی هاووڵاتییان چارەسەر بکەن، پرۆژە خزمەتگوزاری‌یەکان پیادە بکەن‌و . . .، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە کوللییەت‌و ماهییەتی خۆی‌دا هیچ باوەریکی بە خەلك‌و دەسەڵاتی خەلك‌و مافی خەلك نیە. دەسەڵاتی خەلکی‌و نوینەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەلك لە چوارچیوەی بیری تەسکی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ دا ناگونجێ. ئەوان تەنیا باوەریان بە یەك دەسەڵات هەیە، ئەویش بریتی‌یە لە دەسەڵاتی سەرەرۆیانەی ویلایەتی فەقیهـ‌و هیژمۆنیی یاساو ریسا کۆنەپەرستانەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی. بە پیی قانوونی ئەساسیی ریژیم تەواوی دەسەڵاتەکان دەبێ لە ژیر رکیفی وەلیی فەقیهـ دا بن‌و لە روانگەی دەسەڵاتدارانی ریژیمەوە هەرچەشنە ئالوگۆریك بە قازانجی کۆمەڵانی بیبەشی خەلکی ئیران بیتە ئاراوە، مەترسی‌یە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی‌و لە سەروو هەموانەوە خودی وەلیی فەقیهـ.

لە کۆتایی‌دا ریگام بدەن لە ریی رۆژنامەی "کوردستان"ەوە داوای لیبوردن لە خەلکی شاری مەریوان‌و دەوروبەری بکەم کە ریژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ریگای نەدام بەلینی‌یەکانی خۆم ببەمە سەرو بەو شیوەیەی کە لە ناخی دلمەوە ئارەزووم دەکرد خزمەتی هاوشارییانی بەریزو خۆشەویستم بکەم. دلنیام گواستنەوەی سەنگەر بۆ ناو ریزی پر لە شانازی پیشمەرگەی کوردستان پیوەندی‌یەکانمان ناپسینێ‌و زیاتر لە جاران هانمان دەدا کە خەباتە رەواکەمان لەگەڵ ئەو ریژیمە دیکتاتۆرەدا دریژە بدەین. سوپاس بۆ ئیوەو بۆ خوینەرانی "کوردستان".

## دریژەی پیگەی قانوونی گەلی کورد

. . .

خۆیان دەناسن. گەلی کوردیش لە کوردستانی ئیراندا لە لایەك لە سایەی خەبات‌و فیداکاریی رۆلەکانی‌دا لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی لە کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەسلیکی قانوونی کە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر پەسند کراوە، گۆیامافی خویندنی بە زمانی نەتەوەیی بە نەتەوەکانی ئیران داوە، تا ئیستا بە کردەوەو بە ئەنقەست بۆ ماوەیەکی دوورودریژ پشتگوێ خرابوو، ماوەیەك لەمەوبەر دیسان لە مەجلیس‌دا هینرایە گۆرێ. ئەم ئەسلە لەراستی‌دا زیاتر بۆ چاوبەست کردنی گەلانی ئیران بوو، چونکە، ١ـ ئەم ئەسلە زۆر لیل‌و ناروونە. ٢ـ هیچ کات هەوڵ نەدراوە بە کردەوە جیبەجێ بکرێ.

سەرەرای ئەوە کە پتر لە دوو دەیە لە تەمەنی ریژیمی کۆماری ئیسلامی رادەبرێ، هیشتا دیار نیە کە ئەم ئەسلەی قانوونی بنچینەیی، چۆن‌و لە چ ئاستیکدا، بە چ ئیمکاناتیکەوە، بە کامە پرسنیلەوەو لە چەند ناوچەی ئیراندا جیبەجێ دەکرێ؟ یا تەنیا لە کوردستاندا بەریوە دەچێ؟ ئەگەر مەبەست تەنیا پیادەکردنی ئەم ئەسلە لە کوردستان دایە، لە چەند ئۆستانی کوردنشینداو لە چ ئاستیکدا جیبەجێ دەکرێ؟ هەروەها زۆر جیی‌شك‌و گومانە ریژیمیك کە ئەو هەموو فرۆفیشالەی لەسەر خویندنی دوو واحیدی زمانی کوردی، ئەویش لە زانکۆی ئازادی کوردستاندا کردو هەروەك دیتمان بەکردەوە پیی بەریوە نەچوو، ئیستا چۆن دەیەوێ ئەسلیك کە، پیوەندی بە سەرانسەری ئیرانەوە هەیەوهیچ چەشنە ئاسانکاری‌یەکی بۆ نەکراوە، بەلکوو سەرلە نوێ لە مەجلیس‌دا کەوتۆتەوە بەر باس، جیبەجێ بکا؟ بۆ کۆمیسیۆنەکانی مەجلیس باس لەسەر ئەو ئەسلەیان رەت کردۆتەوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە نیشاندەری ئەوەن کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نە مەبەستیانەو نە تا ئیستاش بە جیددی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئەم ئەسلە کە لە جی‌دا ئەسلیکی زۆر لاوازو ناروونە، بە کردەوە پیادە بکەن.

لە حالیکدا کە ئەمە بۆ چەند سالیك دەچێ کە رووناکبیران، خویندکاران، لاوان‌و دلسۆزانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا لە پیناوی خزمەت بە ئامانجە رەواکانی گەلەکەمان، بە جیددی هاتوونەتە مەیدان‌و لە بوارە جۆراوجۆرەکانداو بە تایبەت لە بواری زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی‌دا، بە پشت بەستن بە توانای ماددیی خۆیانتێ‌دەکۆشن.

سەرەرای ئەمانە ئەگەر بیت‌و ریژیم لە داهاتوودا ئەسلی پازدەی قانوونی بنچینەیی پیادە بکا، پتر لەبەر دوو هۆ ئەم کارە دەکا: یەکەم، پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری ویستی گەلانی ئیران‌و بەتایبەت گەلی کورد بۆ خویندن بە زمانی زگماکی خۆیان، دووهەم، زیادبوونی فشاری نیونەتەوەیی ریژیم ناچار دەکەن مل بۆ ویستەکانی خەلك رابکیشێ. بەڵام ئاشکرایە ریژیم ناتوانێ خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نیونەتەوەیی‌دا بگونجینێ. کەوابوو بە پیی ئەو ئاگاداری‌یەی کە گەلانی ئیران لەبارەی نیوەرۆك، بیروبۆچوون، هەلویست‌و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیانە، کە بۆ گەیشتن بە سەرجەم ماف‌و ئازادی‌یە میللی ـ دیموکراتیکەکانی خۆیان‌و لە هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی پیگەیەکی سیاسی ـ حوقووقیی تەواو بۆ خۆیان لە ئیراندا، دەبێ لە پیناوی رووخانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەو دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی‌دا یەکگرتووو یەکپارچە بینە مەیدان، ئەگینا هەتا ریژیمی ئاخوندی لە سەر کار بێ، هیچ کام لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەلکی ئیران وەدی نایەن.

سەرچاوەکان:

١ـ قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئیران

٢ـ کوردەکان‌و "ئەوانی‌تر"، نووسینی عەبباس وەلی، رەهەند ژمارە ١٣ ـ ١٢

٣ـ کوردایەتی‌و کیشەی تیوری، د. ئەمیر حەسەنپوور، "هاڤیبون" ژمارە ٩

٤ـ مەسەلەی کوردو قەیرانی سیاسیی لە ئیراندا، نووسینی عەبباس وەلی ـ وەرگیرانی حەسەن قازی، گزینگ ژمارە ٢١

٥ـ از ناسیونالیزم کردی تا "ملت" کرد. نووسینی "بیژن رضایی"، "میهن" ٥ـ ٤

٦ـ سیاسەتی نەتەوە بێ دەولەتەکان. نووسینی عەبباس وەلی، گزینگ ژمارە ٢

# دیاردەی کڕینو فرۆشتنی ژنانو قوربانییەکانی

خەدیجە مەعزوور

ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، ساڵی ١٣٨١، زیاتر لە ساڵانی پێشوو هەواڵورووداوی ناخۆشو دڵتەزێن لە بارەی ڕا کردنی کچان، لەش فرۆشیی ژنان، فرۆشتن و قاچاخچییەتی کردن بە ژنانو کچانی مێرمنداڵ، خۆکوشتنو خۆ سووتاندنی ژنانو کچانی مێرمنداڵ، چوونە سەری ڕێژەی تەڵاق، بێکاریو هەژاریی ژنانو گیرۆدە بوون بە مەواددی موخەدیر لە ڕادیۆ و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی نێوخۆ و ئۆپۆزیسیۆنی ژوورەوەو دەرەوەی ئێرانو سایتەکانی ئێنتێرنێتەوە بڵاو بوونەوە. دیارە بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵانە دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆی سەرەکی، کە یەکێك لەوان بوونی ئازایەتیی خەڵكو ئازایەتیی ڕووناکبیرانو دڵسۆزانی ئەو خەڵکەیە، ئێمە لێرەدا ناچینە سەر ئەو باسە، بەڵکوو تەنیا مەبەستمان لە هێنانە گۆڕی ئەو دیاردە دژی ئینسانیانەیە کە ئەگەر بە کورتیش بێ لێیان بدوێینو ئاماژە بە هۆیەکانی سەر هەڵدانیان بکەین.

لەو بارەوە ئەو پرسیارە هەمیشە دێتە گۆڕێ کە سەرچاوەی ئەم وەزعە نا لەبارو خەمهێنەرە دەبێ لی چیدا بدۆزینەوەو کێ بە تاوانبار بزانین؟ لە فەقیریو هەژار بوونی خەڵكدا، لە خوارەوە بوونی ئاستی تێگەیشتنو مرۆڤ دۆستیدا، لە زاڵبوونی فەرهەنگی کۆنو دوا کەوتووانەدا، یان لە سەرووی هەمووانەوە لە زاڵبوونی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیدا؟ لەو پێوەندییەدا گەلێك لێکۆڵەر، کۆمەڵناسو دەروونناس، لێکۆڵینەوەیان کردوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان لە گۆڤارو ڕۆژنامەو یا لە بەرهەمەکانیاندا بڵاو کردۆتەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان سەرچاوەی ئەم وەزعە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێننەوە.

کاتێك ئاڵگۆڕێکی بنەڕەتی لە وڵاتێکدا پێك دێو ئینقلابێك دەکرێ، خەڵك چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە کەموکوڕییەکانی ژیانیان بە لانی کەمی خۆیان بگەنو وڵات لە بوارە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانەوە گۆڕانی بە سەر دابێ. مخابن پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو هاتنە سەر کاری ژمارەیەك ئاخووندی کۆنەپەرست، نە تەنیا بارودۆخەکە ئاڵگۆڕی بە سەردا نەهات، بەڵکوو لە ڕێژیمی نوێشدا شتێکی تازە بەدی نەکرا. وڵات تووشی قەیرانی جۆراوجۆر بوو، فەرهەنگی کۆنو دزێو زاڵتر بۆوە، جینایەتکاریو دڕندەیی دەسەڵاتدارەتی بە دژی خەڵكو بە تایبەت ژنان گەیشتە ئەو پەڕی خۆی.

شتێکی سروشتییە کە لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووشدا مرۆڤ تووشی کۆمەڵێگ گیرو گرفت دەبێو بێعەداڵەتی لە حەقی ئەنجام دەدرێ، بێگومان نیهادێکی دەوڵەتی کە یاسای لە پشت ڕاوەستاوە داکۆکی لێدەکا. بەڵام لە وڵاتێکدا داموو دەزگاکان فاسد بوونو یاساش وەڵامدەر نەبوو، چارە چیە؟ ئەم بارودۆخە نا لەبارە کە ئێستا لە ئێراندا دەیبینین، کەشو هەوای نێو خێزانی بۆ ژنان نایاساییو ناخۆش کردوەو بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە گەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێو گاڵتە بە چارەنووسیان دەکرێ. ئەو ژنانە لە وەزعێکی وادا نازانن بۆ کوێ پەنا بەرن؟ بەڕێوە بردنو دابەزاندنی یاسای کۆنەپەرستانە کە ڕێژیم بۆ خۆی ڕاستەوخۆ دەستی لە خولقاندنی ئەم مەسەلانەدا هەیە، کۆمەڵێك گیرو گرفتی بۆ ژنان لێکەوتۆتەوەو تەنانەت چاوەدێرانو بەرپرسانی بە ڕواڵەت پێوەندیدار بەو مەسەلانەی بە لاڕێدا بردوە. نموونەکەی بەرپرسی دادگای ئیسلامی شاری کەرەج حوجەتولئیسلام محەمەد کازمی مونتەزیری موقەددەم"ە کە کەڵکی خراپی لەو کچە تەمەن ٧ تا ٢٢ ساڵانەی "خانه هدایت کرج" وەرگرتبوو کە بۆ پەروەردەی ئیسلاحی دووبارە بۆ ئەم شوێنە ڕەوانە کرابوون کە کاتی خۆی هەڵایەکی گەورەی لێ ساز بووو دەیان نموونەی دیکەی لەم چەشنە.

ڕێژیم زۆر جار لە چاپەمەنییەکانیدا بە شانازیو لە خۆبایی بوونەوە هەواڵی کەشفی باندی ژن فرۆشتنو هەواڵی لەم بابەتە بڵاو دەکاتەوەو لەم بارەوە سیمایەکی ئینسانیو وشیارو ئامادە بە هێزە نیزامیو ئینتزامییەکانی دەدا. ئەو هێزە ئینتزامییانەی کە دەستیان لە سەرکوتی ئازادیخوازانەوە بگرە تا کوشتنو بێ سەرو شوێن کردنی ئەو کەسانەی کە پەردە لە سەر جینایەتو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی هەڵداوەتەوە، نەپاراستوەو لە ئاودیو کردنی کاروانی کچانی منداڵو مێر منداڵ بۆ وڵاتانی پاکستانو میرنشینەکانی کەنداوی فارسیشدا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە، ماوەیەك لەوە پێش ڕۆژنامەیەکی پاکستانی بە ناوی "مەشریق" نوسیبووی مانگانە ٤٥ کچی تەمەن نێوان ١٦ تا ٢٥ ساڵەی ئێرانی لە شاری کەراچیی پاکستانەوە لە لایەن کەسانی دەوڵەمەندەوە کڕدراون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوە هەست بە مەترسیدار بوونی ئەم دیاردەیە بکاو ڕێگا چارەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕێگە گرتن لە ڕاگوازتنو کڕینو فرۆشتنی ئە ژنە کەم تەمەنو مێر منداڵانەدا بدوزێتەوە کە بە ئاسانی دەبنە فیدای ساتو سەودای ژمارەیەك مرۆڤی جینایەتکار، بوار بۆ کاروانچیانی ئینسانفرۆش خۆش دەکا تا بە کەیفی خۆیان درێژە بە کردەوە دژی ئینسانییەکانیان بدەن. یا بڵاو بوونەوەی هەزاران ژنی لەشفرۆش لە شارە گەورەو چکۆلەکانی ئێرانداو ڕاکردنی هەزاران کچی مێر منداڵ لە ماڵەوە کە لە شەقامەکانی شارەکاندا خەریکی دزینو یا بوونەتە عامیلی بڵاو کردنەوەو فرۆشتنی مەواددی موخەددیر لە نێو خەڵكدا کە هەمووی ئەم دیاردانە فەزاو دیمەنی شارەکانیان ناحەزو دڵتەزێن کردوە.

هۆکاری سەرەکیی خولقاندنی ئەم وەزعە ئەگەر بەشێکی کەمی بگەڕێتەوە سەر کەم فەرهەنگیو دواکەوتوویی ژمارەیەك بنەماڵەو نزم بوونی باری ئابووریی خەڵكو هێندێك دیاردەی دیکە، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی کە ڕێخۆشکەر بووە بۆ هەرچی زیاتر تەشەنە کردنی ئەم وەزعە نا لەبارە لە کۆمەڵدا، ئەگەر دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیم چارەنووسی ژنانو کچانیان بە لاوە گرینگ باو بەرژەوەندی وڵاتیان ویستبا، سامانی زۆرو زەوەندی وڵاتی پڕپیتی ئێرانیان لە گیرفانی ئاغازادەو خودییەکان نەدەکردو یا خەرجی کڕینی چەكوچۆڵ بۆ تەیار کردنی هێزە نیزامییەکانیان نەدەکرد، تا ئەمنییەتو ئاسایشی وڵات بشێوێنن، یا ئەم سەروەتەیان بە لێشاو لە ئیختیار گرووپە تێرۆریستەکان نەدەناو تا لەو سەری جیهاندا شەڕو ئاژاوە بنێنەوەو گێرە شێوێنی بکەن، بەڵکوو ئەم سامانەیان لە پێناوی بەختەوەریو نەهێشتنی هەژاریو بە تایبەتی دابین کردنی ژیانی ئەو ژنانە تەرخان دەکرد کە لە ژێر خەتی هەژاریدا دەژینو تا ئەمڕۆ شاهیدی ئەم بارودۆخە خەمهێنەرو ئەو دیاردە دزێوانە نەبووباین.

لە وانەیە ڕواڵەتی مەسەلەی کڕینو فرۆشتنی کچانو ژنان، ڕاکردنی کچان، خۆکوشتنو سووتاندن، لەشفرۆشی کردنی ژنان سادەو ئاسایی چاو لێبکرێ، بەڵام سەرئەنجامو بە بەردەوام بوونی ئەم دیاردانە گەلێك قەیرانی گەورەترو گیرو گرفتی لەوە زیاتر قەرەبوو نەکراو لە وڵاتدا دەخولقێنێ. ئەم دیاردە دژی ئینسانیانە بە داخەوە شێوەیەکی ئاسایی ڕۆژانەیان بۆ مامەڵەو پوول پەیدا کردن بە ژنانەوە بە خۆوە گرتوە. ڕزگار بوونیش لەو قەیرانە کۆمەڵایەتییە ئاسان نایەتە بەرچاو. کاتێك دەتوانین ئەم دیاردانە تا ڕادەیەك چارەسەرو کەم کەینەوە کە ئاستی ژیانی خەڵك لە باری ئابوورییەوە بەرەوە ژوور بچێو لە وڵاتەکەماندا بناغەو پایەی ڕێژیمێکی خەڵکیو دێموکراتیك بنیات بنرێ بۆ ئەوەی ژنان چیدیکە شاهیدی ئەو هەموو زوڵمو ستەمو بێعەداڵەتیانەو ئەو کردەوەو ڕەفتارە نامرۆڤانە بە نیسبەت جینسییەتی خۆیان نەبن، دەبێ زیاتر لە ڕابردوو قۆڵ هەڵماڵنو بێنە مەیدانو ئاسەواری ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە ماکەی هەموو چەشنە بێعەداڵەتیو نابەرامبەرییەکە، بە تایبەت بەرامبەر بە ژن، لە نێو بەرن.

# سەفەری خاتەمی بۆ پاکستان

لە سەرەتای بەفرانباری ئەمساڵدا محەممەدی خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێك سەردانی پاکستانی کردو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو وڵاتەدا دیدارو وتووێژی کرد.

پێوەندییەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پاکستان لەم دوو دەیەی دواییدا بە کەمی باشو زیاتر پڕکێشەو ئاڵۆز بوون. دەکرێ چەند هۆ بۆ ساردو سڕیی پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیو پاکستان ببینینەوە کە لە سیاسەتەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بە نیسبەت مەسەلە جیهانیو ناوچەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. یەکێك لە هۆیەکانی ساردوسڕیی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە ئەوەیە کە پاکستان لە ریزی وڵاتانی هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە کە ئەمەش بۆخۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕاگەیاندراوی کۆماری ئیسلامی لە بارەی ئەمریکاو هەروەها تەبلیغاتی دژ بە ئەمریکای ئەم ڕێژیمەدا یەك ناگرێتەوەو بە کردەوە بە کۆسپێك لەبەردەم پێوەندیی گەرموگوڕی ئەو دوو وڵاتە دادەنرێ. هەروەها پشتیوانیی پاکستان لە گرووپی تالیبانو یارمەتی کردنی بۆ درێژەدان بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات لە ئەفغانستاندا، لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاقمە شیعەکانو بە تایبەتی لە نەیارانی دەسەڵاتی تالیبان بەگشتی پشتیوانی دەکرد، هۆیەکی دیکە بوو بۆ سارد بوونەوەی زیاتری پێوەندییەکانی دوو وڵاتی جیران. سەرباری ئەمانەش کێشەی نێوان گرووپ گەلی ئیسلامی لە پاکستانو تێکهەڵچوونی نێوان سوننیو شیعەکانی ئەو وڵاتەو نەخشی کۆماری ئیسلامی لە خۆشکردنی ئاگری ئەو تێکهەڵچوونو شەڕانەدا، جاروبار بۆتە هۆی ئیعتیرازی پاکستان بە کۆماری ئیسلامیو بە پێچەوانەوەو هەروەها کۆمەڵێك کێشەی دیکەش جاروبار بە شێوەیەکی کاتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا سەریان هەڵداوەو شوێنیان لە سەر ساردیو گەرمیی پێوەندییەکانیان داناوە.

پاش کردەوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سپتامبر لە ئەمریکاو هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئەفغانستان کە ڕووخانی دەسەڵاتی تالیبانی لێکەوتەوەو هەروەها وەزعی ناوچەکەو هەڵوێستی پاکستانو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستاندا گۆڕانیان بەسەردا هات کە تا ڕادەیەك کۆسپەکانی سەر ڕێگای دامەزرانی پێوەندییەکی باش لە نێوان هەر دوولای تەخت کرد. چونکە بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، پاکستان نەك هەر وازی لە پشتیوانیی تالیبان هێنا، بەڵکوو لە پێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی تالیباندا هاوکاریی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کرد. لەهەمان کاتدا پاش ڕووخانی تالیبان گرووپەکانی نێوهاوپەیمانیی باکووریش نەیانتوانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن هەر چەند کە لە کاتی هێرشی وڵاتانی هاوپەیماندا بە جۆرێك حیسابیان بۆ کراو لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار کران. بەمجۆرە نە تالیبانی پشت ئەستوور بە پاکستانو نە ئۆپۆزیسیۆنی باکووری پشت ئەستوور بە کۆماری ئیسلامی نەیانتوانی بەو شێوەیە کە دەیانەویست لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەفغانستان بمێننەوەو کاریگەر بنو ئەمەش یەکێك لە کێشەکانی نێوان پاکستانو کۆماری ئیسلامی چارەسەر کرد، بەتایبەت کاتێك هەر دوو لا پشتیوانیی خۆیان لە دەوڵەتی کاتیی ئەفغانستان ڕاگەیاندو هەتا ئێستاش بە ڕواڵەت لەسەر هەڵوێستی خۆیانو هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان سوورن. سەرەڕای ئەمەش لە ساڵی ڕابردوودا شەڕو توندوتیژیی نێوان گرووپە ئیسلامییەکانی پاکستانیش کەم بۆتەوەو نارەزایەتیی هەر دوولا لەم پێوەندییەدا لە چاو ساڵانی پێشوو کەمترە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای سوور بوونی خۆی لە سەر دژایەتی کردن لەگەڵ ئەمریکادا، وادیارە لە ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە تا لەگەڵ هێندێك لە هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سەرلەنوێ پێوەندی دامەزرێنێتەوە یا باشتری بکا. بۆیە دەکرێ بڵێین باشتر کردنی پێوەندی لەگەڵ پاکستان هەر لەم چوارچێوەیەدایە کە سەفەری هەیئەتێکی پایەبەرز بە سەرۆکایەتیی خاتەمی لێکەوتەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە ڕەوشی ناوچەکە هێشتا بە گوێرەی پێویست جێگیر نەبووەو کۆماری ئیسلامیی ئێرانو پاکستان لە پاشەڕۆژیشدا ناچارن کۆمەڵێك هەڵوێستو سیاسەتی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بگرنەبەر. داهاتوو ئەوە نیشان دەدا کە ئەم هەنگاوەی ئێستای هەر دوولا بۆباش کردنی پێوەندییەکانی نێوانیان چەندە تەئسیری باش لەسەر پێوەندیی دوو وڵات دادەنێن.

## درێژەی وتاری کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران بە ئاڵترناتیڤێکی تاقی کراوە دەترسێنێ

بەرنامەیەکی ڕوونەوە ڕوانگەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی ئێراندا بخەنە بەرچاوی گەلانی ئێران.

دووهەم؛ قانوونو ڕێساکانی

کایەی سیاسی قبووڵ بکەنو لە چوارچێوەی قانوونو ڕێساکانی دێموکراسیدا خەباتی سیاسیی خۆیان بکەن.

سێهەم؛ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی بن دەستی ئێران بە ڕەسمی بناسنو بە کردەوەو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە بێنە مەیدانەوە.

بە سەرنجدان بەو گۆڕانکارییە قووڵو سەرەکییانەی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان گرتۆتەوەو هەروەها بەسەرنجدان بەو قەیرانە هەمە لایەنەی کە تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خستۆتە مەترسیی نەمانەوە، لە هەموو هێزە دێموکراتیکەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران چاوەڕوان دەکرێ کە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی وەلا بنێنو گەلانی ئێرانو ڕای گشتیی جیهان دڵنیا بکەنو ڕاشکاوانە ڕابگەیەنن کە ئامادەن بە یارمەتیی هەموو لایەكو بە هاوکاریی هەر هێزێکی سیاسی کە ڕێسا بنچینەییەکانی دێموکراسیو پرنسیبە جیهانییەکانی مافی مرۆڤو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانی بن دەستی ئێران بە ڕەسمی بناسێ، بەرپرسایەتی جێنشینیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەئەستۆ بگرن.

ئەگەر کارێکی وەها بکرێ، ئاڵترناتیڤە دەستکردەکان هەرەس دێننو ئاڵترناتیڤی دێموکراتیك دەتوانێ پشتیوانیی نێونەتەوەییش وەدەست بێنێو داهاتووی سیاسی ئێران دەست نیشان بکا. ڕیزەکانی ئەم هێزە جێنشینە دەبێ بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە بەبێ هیچ مەرجێك باوەڕیان بە حکوومەتی خەڵك بەسەر خەڵكو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەیە ئاوەڵا بێ. هەڵبەت دەتوانین بڵێین کە دەکرێ لەسەر پلاتفۆرمی دێموکراسی، مافی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران ڕێك بکەوینو لە هەمان کاتیشدا دەروازەی دیالۆگی شارستانییانە لە بارەی ڕابردووی هێزە پێکهێنەرەکانی ئاڵترناتیڤی دێموکراتیك بە ئاوەڵایی بهێڵینەوە. ماوەیەکە بواری تیئوریکی پێویستی ئاڵترناتیڤی دێموکراتیك، پێکهاتوە (بەتایبەت دوای شکانە پەیتا پەیتاکانی ڕێفورمە حکوومەتییەکانو ئیسباتی چەقبەستوویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی)و ئێستا بە عەقڵی جەمعیو کاری بەکۆمەڵ، ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیك دەتوانێ باسە تیئوریکەکانی بگوێزێتەوە بۆ خانەی کردەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، چەندین جار لە ڕابردوودا ئەم باسەی هێناوەتە گۆڕێو تیشکی خستۆتە سەر گرنگییەکەیو ئێستاش زیاتر لە جاران ئامادەیی بۆ ئەم ئەركو بەرپرسایەتییە گەورەیە ڕادەگەیەنێو دەستی هاوکاری بۆ هەموو هێزە دێموکراتیکەکان لە پێناوی ڕاپەراندنی ئەم ئەركو بەرپرسایەتییەدا درێژ دەکا، ئەرکێك کە ئازادی، خۆشگوزەرانیو چارەنووسی گەلانی ئێرانی پێوە بەستراوە.



# وەرزش لە ساڵی ٢٠٠٢دا

*میهدی بەدری*

ساڵی ٢٠٠٢ بە هەموو خۆشیو ناخۆشییەکانیەوە کۆتایی پێهات. بەشێك لە وەرزشوانانو یاریزانان بە ئاواتو ئارەزووی خۆیان گەیشتنو بە وەدەست هێنانی پلەو مێدالی جۆراوجۆر بەرهەمی کۆششو ڕاهێنانی سەختو دژواری خۆیان لە ساڵی ڕابردوودا چنییەوەو بەشێکیش بە هیوای وەدەست هێنانی پلەیەکی باش لە داهاتوودا درێژە بە وەرزشو ڕاهێنان دەدەن تا بەڵکوو بتوانن شکستەکانی ساڵی ڕابردوو قەرەبوو بکەنەوە. لە ساڵی ڕابردوو (٢٠٠٢)دا زۆر پێشبڕکێو یاریی وەرزشی لە سەرتاسەری جیهاندا بەڕیوەچوون، کە تێدەکۆشین ئاماژە بە گرینگترینیان بکەین.

لە مانگی ڕەشەمەدا، نۆزدەهەمین خولی یارییەکانی ئولەمپیکی زستانیی ساڵی ٢٠٠٢، لە شاری "ساڵت لیك سیتی"ی ئەمریکا بە بەشداریی یاریزانانی ٨٠ وڵاتی جیهان بەڕیوە چوو، کە لە ئاکامدا ئاڵمان بە وەدەست هێنانی ١٢ مێداڵی زێڕ، ١٦ زیوو ٧ برۆنز، پلەی یەکەمی ئەو یارییانەی وەدەست هێنا. هەر لەو مانگەدا یارییەکانی جامی ویمبلدۆنی تێنیس لە ئینگلیستان ( کە بەرزترین ئاستی لە یاریی تێنیس لە ڕادەی جیهاندا هەیە) بەڕیوەچوو. لە ئاستی پیاواندا "هوئیت" لە ئوسترالیا پلەی یەکەمی وەدەست هێناو خەڵاتی ١١ میلیۆن دۆلاری بردەوە. لە ئاستی ژنانیشدا "سێرینا ویلیامز" لە ئەمریکا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

ڕۆژی ١٥ی مای (٢٥ی بانەمەڕ) یانەی ڕیئاڵ مادریدی ئیسپانیا، لە یاریی کۆتایی جامی یانەکانی ئورووپادا لە شاری گلاسکۆی ئیسکاتلەند لە بەردەم ٥٢ هەزار کەسدا ٢ بە ١ لە بایرلیورکوزینی ئاڵمانی بردەوەو بۆ نۆهەمین جار لە مێژوودا ئەم شانازییەی وەدەست هێنا. شایانی باسە کە زیاتر لە ٣ میلیارد کەس لە سەرتاسەری جیهاندا لە ڕێگای تەلەویزیۆنەوە چاویان لەم یارییە دەکرد. هەروەها گرینگترین پێشبڕکێی ساڵ جامی جیهانیی فووتباڵ بوو کە لە ڕۆژی ١٠ی جۆزەردان بە یاریی فەرانسەو ئینگلیستان لە شاری "سێئول" دەستی پێکردو ڕۆژی ٩ی پووشپەڕ بە قارەمانیی بریزیل کۆتایی پێهات. لە یاریی کۆتاییدا، بریزیل بە گۆڵەکانی ڕۆناڵدۆ (٢ ـ ٠) لە ئاڵمانی بردەوە. بەم جۆرە بۆ جاری پێنجەم لە مێژوودا بریزیل ئەم جامەی بردەوە. ئەم یارییانە بۆ یەکەم جار لە ئاسیاو هاوکات لە دوو وڵاتی کورەی باشوورو ژاپۆن بەڕیوە چوون. جامی حەڤدەهەم بە جامی "یاریی چاوەڕوان نەکراو" ناوبانگی دەرکرد. لەبەر ئەوەی زۆربەری تیمە بەهێزەکانی جیهانی فووتباڵ وەك: فەرانسە، ئارژانتین، ئیتالیا، پۆرتۆغاڵو ئیسپانیا بە هۆی تیمی لاوازتر لە خۆیان لە درێژەی یارییەکاندا وەلانران.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان یاریی کۆتایی بەسکیتباڵی قارەمانیی جیهان لە شاری "ئیندیانا پۆلس" لە ئەمریکا بەڕیوە چوو، کە لە ئاکامدا یوگوسلاوی ٨٤ ـ ٧٧ لە ئارژانتینی بردەوەو پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هێنا. لەم یارییانەدا، ئەمریکا قارەمانی پێشووی جیهان لە کاتێکدا، میوانداری یارییەکان بوو، بە سێ شکست پلەی شەشەمی وەدەست هێنا. هەر لەو مانگەدا، یارییەکانی قارەمانیی زۆرانی ئازادی جیهان لە شاری تاران بەڕیوەچوون کە لە ئاکامدا ئێران بە ٤٤ خاڵ پلەی یەکەمی وەدەست هێناو ڕووسیە بە ٤٢ خاڵ پلەی دووهەم. لەم پێشبڕکێیەدا میهدی حاجیزادە زۆرانەوانی کیشی ٧٤ کیلۆی ئێران کە پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو، وەك فەننیترین زۆرانەوان دیاری کرا.

ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی ناوداری جیهانی فووتباڵو یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالیا بە ڕێککەوتنێکی ٤٥ میلیۆن دۆلاری چووە یانەی ڕیئاڵ مادریدی ئیسپانیا. ناوبراو لە جامی جیهانیی ٢٠٠٢دا بە لێدانی ٨ گۆڵ بە باشترین گۆلکەری جامی جیهانی دیاری کراو خەڵاتی کەوشی زێڕینی پێدرا.

لە مانگی ڕەزبەردا چواردەهەمین خولی یارییەکانی ئاسیایی بە بەشداریی ١١٦٠٠ یاریزان لە بوسانی کورەی باشوور بەڕیوە چوو. لە ئاکامی ئەم خولەی یارییەکاندا، چین هەروەك خولی پێشوو پلەی یەکەمی یارییەکانی وەدەست هێنا. وەدەست هێنانی ١٥٠ مێداڵی زێڕ، ٨٤ زیوو ٧٤ برۆنز بۆ وەرزشی چین سەرکەوتنێکی گەورەیە. مانگی دواتر واتە خەزەڵوەر یارییەکانی کیش هەڵگر (وزنەبرداری)ی قارەمانیی جیهان لە شاری وەرشەوی لیهستاندا بەڕیوە چوو. لەم یارییانەدا، کە لە هەشت کیشدا بەڕیوە چوون، چین بۆ یەکەم جار بە هەشت مێداڵی زێڕو ٤٨٤/٨ خاڵ پلەی یەکەمی جیهانی وەدەست هێنا. تەنیا کیش هەڵگرێك کە لەم یارییانەدا، توانی ڕیکۆردی جیهان بشکێنێ حوسێن ڕەزا زادە کیش هەڵگری کیش ١٠٥ +ی ئێران بوو کە لە حەرەکەتی دووجار (دوضرب)دا بە هەڵگرتنی ٢٦٣ کیلۆ ٠/٥ کیلۆ ڕیکۆردی پێشووی جیهانی بەزاندو لە کۆتایی یارییەکانیشدا، وەك باشترینو بەهێزترین کیش هەڵگری ئەم یارییانە دیاری کرا.



لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا، زۆربەی فیدراسیۆنەکانی جیهان باشترینەکانی وەرزشی ساڵی ٢٠٠٢یان دیاری کرد. کە لەم بەشەدا، ئاماژە بە گرینگترینیان دەکەین.

فیدراسیۆنی جیهانیی فووتباڵ (فیفا) تیمی فووتباڵی بریزیلی بە هۆی سەرکەوتنی لە جامی جیهانیی فووتباڵدا وەك باشترین تیمی ساڵ دیاری کرد. هەروەها سێنیگاڵ لە بواری پێشکەوتنەوەو کورەی باشوورو ژاپۆنیش لە بواری یاریی جوامێرانەو خاوێندا بە باشترینەکانی ساڵ دیاری کران. لەم دیاری کردنەدا، ڕۆناڵدۆ هێرشبەری بریزیلو یانەی ڕیئاڵ مادریدی ئیسپانیا، بە باشترین یاریزانی ساڵ دیاری کرا. ناوبراو یەکەم یاریزانە کە تا ئێستا توانیویەتی سێجار ئەم شانازییە وەدەست بێنێ (١٩٩٧،١٩٩٦، ٢٠٠٢). هەروەها لە لایەن فیدراسیۆنی فووتباڵی ئورووپاوە (یوفا) دیسان ڕۆناڵدۆ بە باشترین یاریزانی وەرزی ڕابردووی فووتباڵی ئورووپا دیاری کراو خەڵاتی تۆپی زێڕینی پێشکەش کرا.

لە لایەن فیدراسیۆنی جیهانیی زۆرانەوە (فیلا) دوو زۆرانەوانی ئێرانی وەك باشترین زۆرانەوانانی ئازادو شانو مل (فرنگی)ی جیهان دیاری کران. میهدی حاجیزادەی زۆرانەوانی کیشی ٧٤ ی ئێرانو قارەمانی جیهان وەك باشترین زۆرانەوانی ئازادو حەسەن ڕەنگرەزیش زۆرانەوانی کیش ٥٥ی ئێران وەك باشترین زۆرانەوانی شانو ملی جیهان دیاری کران. هەروەها حوسێن ڕەزا زادە کیش هەڵگری کیش ١٠٥ + ئێران کە لە یارییەکانی جیهانیدا ڕیکوردی شکاندبوو، لە لایەن فیدراسیۆنی جیهانیی کیش هەڵگرییەوە وەك باشترین کیش هەڵگری جیهان دیاری کرا.

لە لایەکی دیکەوە "هیشام گەرۆژ" یاریزانی هەڵاتنو گۆرەپانی (دوومیدانی)ی مەراکیشی کە لە هەڵاتنی ١٥٠٠ میتری جیهاندا باشترین ڕیکۆردی هەیە وەك باشترین یاریزانی ئەم یارییە دیاری کراو هەروەها "مایکل شوماخیر" یاریزانی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە ئاڵمان وەك باشترین یاریزانی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل دیاری کراو تەنانەت لە لایەن ڕۆژنامە نووسانەوە وەك باشترین وەرزشوانی ئورووپا لە ساڵی ڕابردوودا دیاری کرا.

# هەواڵە وەرزشییەکان

**ئامادە کردنی: ئەشکان**

## ئیلام قارەمانی جودۆی ئێران

پێشبڕکێی قارەمانیی جودۆی گەورەساڵانی ئێران کە لە شاری مەشهەد دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز بە قارەمانیی ئیلام کۆتایی پێهات. بە دوای ئیلامدا، کەرەجو خوراسان پلەکانی دووهەمو سێهەمیان وەدەست هێنا. یوسف کریمیان لە کیشی ٧٣ کیلۆو سەعید خوسرەوی لە کیشی ئازاددا دوو مێداڵی زێڕیان بۆ ئیلام وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی کچانی کرماشان لە کاراتەی ئێراندا

یارییەکانی قارەمانیی کاراتەی ئێران لە ئاستی کچاندا، کە لە شاری کەرەج دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا، کچانی کرماشان لە کومیتەی تیمیدا، چەند سەرکەوتنێکیان وەدەست هێنا. لە ئاستی لاوانی ژێر ١٨ ساڵدا، بە وەدەست هێنانی ١ مێداڵی زێڕو ١ برۆنز بە دوای تارانو خوراساندا پلەی سێهەمیان وەدەست هێنا. هەروەها لە ئاستی نەونەمام (نونهال) ەکاندا ١ مێداڵی زێڕو ٤ برۆنزو پلەی سێهەمیان وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی یاریزانانی کورد لە پینگ پۆنگی ئێراندا

لە یارییەکانی قارەمانیی پینگ پۆنگی ئێران کە لە نیوەی دووهەمی مانگی سەرماوەزدا بەڕیوەچوون، یاریزانانی کورد سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا.

لە ئاستی گەورەساڵاندا، کە یارییەکانی لە شاری ڕەشتدا دەستیان پێکردبوو، ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز کۆتاییان پێهاتو لە ئاکامدا بێهنام ڕەحمەت پەنا لە سنە لە یاریی کۆتاییدا لە بەرامبەر بایرامپوور ٣ـ٢ شکستی خواردو پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا. ناوبراو ساڵی ڕابردوو پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێنابوو. هەروەها لە یارییەکانی دوو کەسیدا تیمی ڕەحمەت پەناو حوسێنی (قەزوین) پلەی دووهەمی ئێرانیان وەدەست هێنا.

لە ئاستی لاواندا، کە یارییەکان ڕۆژی ١٨ی سەرماوەز لە شاری تاران دەستیان پێکرد، میدیا لوتفوڵڵانەسەب لە سنە بە دوای وەدەست هێنانی ٣١ خاڵ پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێنا. هەروەها لە ئاستی ژنانیشدا نیدا شاسواری (شهسواری) لە کرماشان پلەی چوارەمی ئێرانی وەدەست هێنا. شایانی باسە ئەم یارییانە ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەز کۆتاییان پێهات.

## کرماشان پلەی سێهەمی زۆرانی ئێران وەدەست دێنێ

شاری کرماشان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ (٤ تا ٦ی بەفرانبار) میوانداری یارییەکانی قارەمانیی زۆرانی گەورەساڵانی ئێرانی کرد. لەم یارییانەدا، ١٩٢ زۆرانوان لە چوارچێوەی ٣١ تیمدا بەشدار بوون کە بە دوای ٢٦٦ یاریدا کۆتایی بە یارییەکان هات. زۆرانەوانەکانی کرماشان لەم یارییانەدا، دوو مێداڵی زێڕو دوو مێداڵی زیویان وەدەست هێنا. لە کیشی ٨٤ کیلۆدا فەرەیدوون قەنبەریو لە کیشی ١٢٠ کیلۆدا ئەشکان ئەزەلیفەر مێداڵی زێڕو هەروەها لە کیشی ٦٠ کیلۆدا وەحید باباییو لە کیشی ٩٧ کیلۆدا جەعفەر دلێری دوو مێداڵی زیویان وەدەست هێنا. لە کۆتایی دا، لە لایەن بەڕیوەبەری یارییەکان، جەعفەر دلێری لە کرماشان وەك فەننیترین زۆرانەوان دیاری کرا.

## سەرکەوتنێکی بەهێز بۆ تیمی زولفەقار نەسەب

لە حەوتووی نۆهەمی لیگی حیرفەیی فووتباڵی ئێراندا کە ڕۆژی ٦ی بەفرانبار بەڕیوە چوو، یانەی پەیکانی تاران بە ڕاهێنەریی بیژەنی زولفەقارنەسەب سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا. ئەم یانەیە لە یاریگای تایبەتی خۆیدا، میوانداری یانەی مەلەوانی ئەنزەلی بووو لە کۆتاییدا (٤ ـ٠) لەم یانەیەی بردەوە. پێویستە بگوترێ کە جیا لە زولفەقارنەسەب کە خەڵکی سنەیە، ئەرەستوو محەممەدی یەکێك لە یاریزانە سەرەکییەکانی پەیکان خەڵکی شاری سەقزەو لە کاتی خۆیدا سەربە تیمی ئولەمپیکی ئێران بووە.

ꕤꕤꕤ

## ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو ڕۆژێ

**بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥**

**ئێواران سەعات ٦ تا ٨**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهێرتز دووپات دەبێتەوە.**

**ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پێوەندیگرتن بە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران**

**٨٧١٧٦٢٢٨-٧٣- :تەلەفون ٨٧١٧٦٢٢٨-٧٤-:فاکس**

**لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە ماڵییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دیمۆکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 356 5 Jan 2003



**بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


بەر لە ماڵاوایی

## لە کوردستان

## "نان لەگەرووی نەهەنگ دایە"!

**ع. وریا**

"دنیا بووە بە گوندێکی بچووک". بەڵام بەشی ئێمە لەو پێشکەوتنانەی دنیایان کردوە بەو گوندە بچووکە، نەك کۆتایی هاتن بە ژێردەستیو بێبەشیی سەدان ساڵەو کەمبوونەوەی کارەسات و تراژیدییەکان، بەڵکوو بەخێرایی ئاگاداربوون لە هەواڵی ئەو رووداوە تاڵو دڵتەزێنانەیە کە رۆژانە بەسەر رۆڵەکانی گەلەکەمان دێن.

لە ماڵێکدا، کە دارو قامیشی بن میچو باگردانی سەربانو دەنگی لە گوێیان ناخۆشی دڵۆپە، نوێنەرایەتیی "سوننەت"و سەدەکانی رابردوو دەکەن، جیهانی پێشکەوتووو مودێرن بە هۆی سەتەلایتەوە هەر لەو ماڵەدا تەشریفی هەیە. بە هۆی ئەوەوە، بە شوێن هەواڵی ژیانو بەرێچوونی خەڵکی کوردستاندا دەگەڕێم تا بزانم "ئێمە لە کوێی ئەو جیهانەدا هەڵ کەوتووین". هەرچی دەیبینمو دەیبیسمو دەیخوێنمەوە، هەموویان کزەم لە جەرگی هەڵ دەستێنن.


کاتژمێر ٨ی شەو بە کاتی تارانە. دەچمە سەر یەکێك لە کاناڵە ماهوارەییەکانی تەلەویزیونی ئێران تا بەرنامەی هەواڵەکانی ببیسمو ببینم. کۆماری ئیسلامی کە سەیر کردنی کاناڵە تەلەویزیونییە ماهوارەییەکانو هەبوونی ئانتێنی ماهوارەیی لە خەڵکی ئێران قەدەغە کردوەو هەر ئەم رۆژانە لە سەر دەست بەسەرداگرتنی ئانتێنی ماهوارەیی، خەڵکی ئەهواز لێی راست بوونەوەو ئاڵۆزیو خۆپیشاندانێکی چەند رۆژە ساز بوو، بۆخۆی چەندین کاناڵی ماهوارەیی تەلەویزیونیی وەڕێ خستوە تا رواڵەتێکی پێچەوانەو خەڵك خەڵەتێنەر لەو رێژیمە پێشانی دنیا بدەن. هەر لە چەند دەقیقەی یەکەمی بەرنامەی هەواڵەکاندا، هەواڵی "سەرکەوتنی هێزەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ مونکیرات لە رۆژئاوای وڵات"و دیمەنی چەندین کەسی بەندکراو، سەرنج رادەکێشن. گیراوەکان بەجلو بەرگو سەروسیمایانەوە دیارە کە کوردن. بەدبەختیو چارەڕەشی لەسەرتاپێیان دەباریو شوێنەواری لێدانو، ترسان لە سزاو جەریمەی قورس، لە روخساریاندا بەدی دەکرێ. تەلەویزیۆن لەگەڵ نیشاندانی یەك بە دوای یەکی گیراوەکانو بڵاوکردنەوەی یەك دوو رستە لە وەڵامەکانیان، ئەو دەسکەوتانەش کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لێیان گرتوون، پێشان دەدا. دەسکەوتەکان "باری قاچاغ"و ئەو ماشێنانەن کە بارەکانیان پێ ڕاگوێزراوە. بارە قاچاغەکان ویسکیو ئارەقو بیرەن. گومانم تێدا نیە ئەو گیراوانە لەگەڵ "داننان بە تاوانەکەیاندا" ئەوەشیان گوتوە کە بۆچی هەرچی سەرمایەی هەیانە یا هەرچی بەقەرزو قۆڵ پەیدای دەکەن دەیدەن بە ئێسترێك، ئەسپێك یا ماشێنێكو روو دەکەنە هێنانو بردنو راگوێزتنی شتی قاچاغ؛ کارێك کە سەرئەنجامەکەی یا وەسەرمین پەڕینو کەوتنەبەر دەسرێژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییە، یا لەداو کەوتنو دەست بەسەرداگیرانی وەسیلەی هاتوچۆو گیرانی بارەکەو زیندانو جەریمەی قورس. بەڵام تەنیا یەك دوو رستە لە قسەکانیان بڵاودەکرێتەوە، ئەویش ئەوە کە ئەم جنسانەی کامێرای تەلەویزیون بەسەریاندا دەگەڕێ، لەوان گیراون!

"دنیا بووە بە گوندێکی بچووك". لە نێو شەپۆلی پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم دنیایەدا، من هەروا بە دوای هەواڵو دەنگو باسی ژیانو بەرێچوەچوونی گەلەکەمەوەم. تازە لە خوێندنەوەی هەواڵی کوژرانی "برایمە رووت"ی کاروانچی بە دەست هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیو خۆپیشاندانو هێرشبردنی خەڵکی پیرانشار بۆ سەر داموەدزگاکانی ئەو رێژیمە خوێنرێژە لە ئینتێرنێتدا بوومەتەوە، کە جیلوەیەکی دیکە لە ژیانی تاڵو پڕکارەساتی خەڵکی کوردستان دەبینم "میدیا تی وی" رێپۆرتاژێکی سەرنج راکێشو هەست بزوێن بۆ جاری دووهەم بڵاودەکاتەوە. رۆژێك پێشتر بیستوومە کە ئەو کاناڵە تەلەویزیونییە، رێپۆرتاژێکی عەنتیکەی لە سەر کاری سەختو پڕمەترسیی کاروانچییەکانی ناوچەی شنۆیە، بڵاوکردۆتەوە. هەر بە یەکەم دیمەنەکانڕا دەزانم ئەو رێپۆرتاژە هەر ئەوەیە کە پێم وابوو لە بینینی بێبەش بووم. سەدان کاروانچی بە وڵاخەوە لە نێو رێگای هەڵدێرو پڕپێچو گەوی کوێستانە ساردو بە بەفر داپۆشراوەکانی سەر سنووردا دەبینم. شەو ڕەوی، تەزووی سەرما، ئارەقەی رەشو شین دەرکردنو ترسو نیگەرانیو ماندوویی بەردەوام، پەیکەرەیەك لە رەنجو بەدبەختیی لە هەر کامێکیان دروست کردوە. دیمەن بە دیمەنو یەکە یەکەی ساتەکانی ئەو رێپۆرتاژە شاهیدی بۆ تاقەت پڕووکێن بوونی ئەو کارەو مەترسیدار بوونی دەدەن. کامێرا لە برگەیەکی رێپورتاژەکەدا، کاروانچییەکان لە ویستگەیەك بە ناوی "گۆڕستانی قاچاغچییان"دا نیشان دەدا. گۆڕستانێکی راستەقینە کە لە چەندین گۆڕ پێك هاتوە، لە نێو ئەو بەفرە ئەستوورەدا تەنیا کێلەکانیان دەبینین. ئێرە گۆڕستانی ئەو کاروانچییانەیە کە لە سەرمان رەق هەڵاتوون، یا وەسەر مین پەڕیون، یا تەقەیان لێ کراوەو کوژراونو لێرە بە خاك سپێردراون. کاروانچییەکان زۆر سادەو خۆمانەو راشکاوانە بۆ فیلم هەڵگرەکە دەدوێن: "لە ئێرانێ هەرچی هەیە، هیچی بۆ کوردەکان نیە، کوردستان کارخانە، کارو کاسپییەکی ئەوتۆی لێ نیە، ئەمە (ئێمە) ئەگەر ئەو کارە نەکەین ناتوانین زارۆکان بەخێوکەین... هەرچی قازانجێ بکا دەیهێنین: سیگار، سابوون، ویسکی. دەزانین لە کەمین دەکەوین، تەقەمان لێدەکەن، دەمانگرن، دەمانکوژن، بەڵام هیچ کارێکی دیکە نیە، مەجبوورین".

بەفر دەبارێ. بەیانییەو گوێم بۆ رادیۆ تاران راگرتوە تا بزانم ئێستا کە بەفر دەشتی کۆیەشی گرتۆتەوە، لەودیو سنوور چەند باریوە. رادیۆ تاران باسی ڕنووی "قزقەپان"لە ناوچەی پیرانشارو مەرگی چەند کەس دەکاو دەڵێ هەوڵدان بۆ دەرهێنانەوەی ئەوانی دیکە لە ژێر ڕنوو درێژەی هەیە. رادیۆ تاران راستیی رووداوەکەمان پێناڵێ. ناڵێ لە ناوچەی پیرانشار کاروانێکی ٩٠ کەسیی لەو کۆڵچیو بارهەڵگرانەی لەو بەفرو سەرمایەدا، باریان لە سەر سنوورەوە دێنا، بەو هۆیەوە کە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە نزیك "زێوکە"ی پیرانشار کەمینیان بۆ دانراوەتەوە، ناچار بوون رێگای پڕمەترسیتر هەڵبژێرن. هەربۆیە لە نێو بەفرو بارندا رێ ون دەکەن، شەویان بەسەردا دێ، دەکەونە بەرپەلاماری سەرمای بێ ئەمانو گورگی برسیو، چەندین کەسیان سەرما دەیانبا کە چواریان دەمرنو ٧ کەسیشیان هەروا لەگەڵ مردن دەستو پەنجە نەرم دەکەن.

دنیا ئەوەندە پێش کەوتوە بووە بە گوندێکی بچووك، بەڵام لە کوردستان، خەڵك ئێستاش لە نێو بەفرو سەرمادا دەیان کیلۆمیتر بە پێیان رێگا دەبڕن، بە کۆڵ بار لەم دیو بۆ ئەودیوی سنوور رادەگوێزن، رەق هەڵدێن، سەرما دەیانبا، گورگ دەیانخوا! ئەگەر لە هەموو ئەو بەڵایانەش نەجاتیان بوو، کۆماری ئیسلامی بەسەریانەوە ناچێو ئەوەی پەیدای دەکەن تا ماڵو منداڵی خۆیانی پێبەخێو بکەن، جوانو قازاخ لەدەستیان دەردێنێو خۆشیان لەبەند توند دەکا!

## ژمارەی تازەی گۆڤاری "ژنان" کەوتە دەستی خوینەران



چوارەمین ژمارەی "ژنان"، گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران (سەرماوەزی ١٣٨١)، کەوتە بەر دەستی خوینەران. ئەم ژمارەیەی "ژنان"یش وەك سێ ژمارەی رابردوو، لە بەرگیکی جوانو تەواو رەنگیدا چاپو بڵاو بۆتەوەو کۆمەلیك بابەتی جۆراوجۆری تایبەت بە ژنانی تیدایە.

وتەی دەستپیکی ژمارە ٤ی "ژنان" بۆ باسی سێ رۆژی جیهانیی ٢٥ی نوامبر، ٣٠ی نوامبرو ١٨ی دیسامبر تەرخان کراوە. وتوویژ لەگەڵ پروفیسور شوکریە رەسووڵ، چەند بابەت لەبارەی خەباتو تیکۆشانی ژنانەوە، راپۆرتی هیندیك کارو چالاکیی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتو چەندین هەواڵو راپۆرتی پیوەندیدار بە ژنانی ئیرانو جیهان لەم ژمارەیەدا دەبینین. هەر لەو ژمارەیەدا دەقی کوردیی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش بەرچاو دەکەوێ.

"کوردستان" بە بۆنەی دەرچوونی چوارەمین ژمارەی "ژنان"ەوە دەستخۆشیو ماندوونەبوونی بە بەریوەبەران، نووسەرانو هاوکارانی ئەم گۆڤارە دەلیو هیوادارە ژمارەی تازەی "ژنان" هەرچی زووتر بە دەستی هەموو ئۆگرانی بگا.

## " هەر هونەر نەمرەو هونەرمەند مەردو رەند"



١٥ ساڵ لەمەوبەر، رۆژی ١٣ی بەفرانباری ١٣٦٦ بوو. تازە نانی نیوەرۆیە خورابوو. "ئاکام"ی پینج مانگە لە لانکەیدا خەوتبوو. شیوو دۆڵو بەرپالەکانی دەورو بەری "بۆلی"و "ئەستیرۆکان" بە بەفریکی ئەستوور داپۆشرابوون. بەڵام ئەو رۆژە ئاسمان ساو بوو و هەتاو بە تەشقی ئاسمان دەدرەوشایەوە. لەو تاوو ساوە زستانییەدا، دارە جەنگەلییە نیوقەد ئەستووەرکانی ئەم ناوە، جوانییەکی تایبەتیان بەو دیمەنە بەخشیبوو.


"حەسەن" دەستی دایە چەکەکەی، رووی کردە دایکی "ئاکام"و گوتی: "وڵات هەمووی بەفرەو تاوو ساویشە، ئیشتیای راویم کردوە." لەکاتی رۆیشتندا، سەری بەسەر لانکی جگەرگۆشەکەیدا شۆر کردەوەو بۆ ساتیك لەو بزەیە راما کە "ئاکام" بەدەم خەوەوە لەسەر لیوی نیشتبوو.

هیشتا چەند سەد میتریك دوور نەکەوتبۆوە کە دوو فرۆکە لە ئاسمانی ئە وناوچەیەدا وەدیار کەوتن. لە چاوتروکاندنیکدا ئەوەی لە ئاگرو ئاسن پییان بوو، بەسەر ماڵو بنکەکانی پیشمەرگەیاندا باراند.

"حەسەن" کە بۆ راوی نیچیر چوو بوو، خۆی بوو بە نیچیریكو کەوتە بەر پریشکی ئەو بۆمبانەی فرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتو ماڵی کوردە ئیرانییەکانیاندا هەڵرشت. ئەو گەروەی دەنگە خۆشو چریکە بلاوینەکانی ئەم هونەرمەندەیان پیدا دەهاتە دەر، ئەو لیوانەی هەمیشە زەردەخەنەیان لەسەر بوو، ئەو چاوانەی بە دیتنی جوانییەکانی ئەم کوردستانە روون دەبوونەوە، ئەو قەڵافەتەی ئەوینی کوردستانپەرستی بۆ نیو ئەم شاخو چیایانەی راکیشابوو، نوقمی خوین بوون.

لەو ساوە حەسەن پورخزری، ئەو هونەرمەندەی یەکپارچە سادەیی، میهرەبانی، زەوقو خۆشەویستی بوو، لە نیوماندا نەماوە. بەڵام ئەو گۆرانیو سروودانەی لە ماوەی چەند ساڵ تیکۆشانی لە کۆری هونەریی حیزبدا، بە دەنگی ئەو تۆمار کراون، هەروا لە گویماندا دەزرینگینەوەو لەگەڵ هەر جاریك بڵاوبوونەوەیان لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیرانەوە، حەسەن لە یادو بیرەوەریماندا زیندوو دەکەنەوە.

## یەکەم مرۆڤی کۆپی کراو لەدایك بوو!



رۆژی پینج شەممە ٢٦ی دیسامبر یەکەم مرۆڤی کۆپی کراو لەدایك بوو. "بریژیت بواسیلە" بەریوەبەری کۆمپانیای ئەمریکایی "کلۆناید" کە سەر بە فیرقەی ئاییینی رائیلە، لە کۆنفرانسیکی چاپەمەنیدا رایگەیاند کە ئەم کۆمپانیایە یەکەم مرۆڤی کۆپی کراوی هینایە سەر دنیا. ئەو مرۆڤە کۆپی کراوە، کچیکە کە بە کەلك وەرگرتن لە "سلول" (خانە)ەکانی پیستی لەشی ژنیکی ٣١ ساڵەی ئەمریکایی، خولقینراوەو رۆژی ٢٦ی دیسامبر بە هۆی سزاریەنەوە، لەدایك بووە. خاتوو "بواسیلە" کە بیوشیمیزانیکی فەرانسەییەو ریبەریو سەرۆکایەتیی دەستەیەك لە زاناکان دەکا کە خەریکی کۆپی کردنی مرۆڤن، رایگەیاند کە بە زوویی چەند منداڵی دیکەی کۆپی کراو لە شیماڵی ئورووپا لەدایك دەبن. بە قسەی ئەو خانمە، ئەو منداڵانە لە رووی خانەکانی لەشی چەند منداڵی مردوو، کۆپی کراون. بە وتەی بواسیلە تا ئیستا ٥ منداڵی کۆپی کراو، بەر لەوەی لەدایك بن، لەبار چوون.

یەکەم مرۆڤی کۆپیکراو ناوی "ایو" (حەوا)ی لەسەر دانراوە. خانمی "بواسیلە" نەشی گوتوە کەنگێ "ئادەم"یك بۆ ئەو حەوایە کۆپی دەکا!

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە، شەپۆلیك لە نارەزایەتیو بیزاری دەربرین، بەرامبەر بە کۆپی کردنی مرۆڤ لەلایەن سەرۆکانی وڵاتانو ریبەرانو پیشەوایانی ئایینە جۆراوجۆرەکان، وەرێ کەوت. "ژاك شیراك" سەرکۆماری وڵاتەکەی خاتوو بواسیلە لە هەموان توندتر بوو.

B.B.C Persian

## "جین فۆندا" لە فەلەستین



"جین فۆندا" ئەکتەری لەمیژینەو بەناوبانگی ئەمریکاییش رەگەڵ ئەو هونەرمەندانە کەوت کە دەنگی رەخنەو نارەزایەتییان دژی داگیرکرانی ٣٥ ساڵەی لیواری رۆژئاوای چەمی ئۆردۆنو باریکەی غەززە بەرز کردۆتەوە.

فۆندا خان کە لە نارەزایەتی دەربرین بە دژی شەر لەگەڵ ویتنامیشدا چالاك بوو، سەرەتای مانگی بەفرانبار لەنیو ئەو تاقمە لە ژناندا کە بە "ژنانی رەشپۆش" ناسراونو هەموو رۆژانی هەینی لە شاری قودس دژی داگیرکاریی ئیسرائیل دەنگ هەڵدەبرن، وەدیار کەوت. فۆندا خان ١٠ دەقیقە لەبەر بارانەیەکی توند، لەگەڵ ژنەکانی دیکەدا لەبەر دەرکی دەفتەری کاری ئاریەل شارۆن لە ناوچەی رۆژئاوای شار راوەستاو نارەزایەتیی خۆی لە سیاسەتەکانی ناوبراو دەربری.

جین فۆندای ٦٧ ساڵە لەم سەفەرەی خۆیدا سەری لە ئۆردووگای ئاوارە فەلەستینییەکانو بارەگا ویرانکراوەکەی یاسر عەرەفاتیش دا.

## مرواریی دەریای وشە

**ئەگەرچی ئیمە بۆ سەرانسەری جیهان سەفەر دەکەین تا شادی بدۆزینەوە، بەڵام یا دەبێ لەگەڵ خۆمان بیگیرین، یا هەرگیز نایدۆزینەوە.**

**قەت هەوڵ مەدە کەسیکی دیکە بکەی بە خۆت. بۆخۆتو خودای خۆشت دەزانن کە ئەم دنیایە بوونی یەکیکی وەك تۆی بەسە.**

(ئیمیرسۆن)